# لەمەرگی کەژاڵ دەگەڕێم

شاخەوان عەلی حەمەد

چاپی دووەم

٢٠٠٧

**ناوی کتێب :** لەمەرگی کەژاڵ دەگەڕێم

**بابەت :** کورتە رۆمان

**نووسینی :** شاخەوان عەلی

**مۆنتیف :** بۆتان ناڵەیی

**تیراژ :** (١٠٠٠) دانە

**چاپ:** چاپی دووەم

**کۆمپیوتەر :** نووسینگەی (هیـــوا)

**لەسەر ئەرکی خانەی ئاشتی بەچاپ گەیەنراوە**

-١-



ئەوەندەی تێدەفکرم شتێکی ئەوتۆ لەمەڕ تەمەنی منداڵی خۆمەوە بزانم، جگە لەدوو یادگاری ترش‌و شیرین، هیچی ترم نایەتە یاد.. ناهەقم نییە منێ  کە لەماڵێکی هەژارو نەدار چاوم هەڵێنابێ، دەبێ چ شتێ بزانم‌و ژیان لەچ دەلاقەیەکەوە ببینم؟! فەرموو تاپۆلی شەشی سەرەتایشم تەواو کرد نەمدەزانی لەزەتی پارە لەچیدایە؟! رەنگی چۆنەو بۆچی بەکار دێ؟! خەڵك

چۆن بەبەندکراوی لەتامو چێژو لەزەتەکانی ژیان بێ بەش دەبێ، ئێمەش منو پەخشانو هێرۆی خوشکم هەرسێکمان لەماڵەوە بەو چەشنە بەند کرابووین، رۆژ نەبوو لە ماڵەوە دەرگامان لەسەر شیش نەدرێو چوونە دەرەوەش قەدەغە بوو.. سەبری دایکم ئەو ترسەی لێی نیشتبوو ئەوەبوو هەر کەدەرگامان لێبکاتەوە ئیدی ئێمە بێ یەكو دوو دەچینە دەرەوەو کاتێ دەبینین منالێ کێکێکی بە دەستەوەیە یاشەکرۆکە یا لوقمێ دەخوات یەکسەر نەوسمان بۆی دەچێو بەپەلە دێینەوە دەچینە گیانیو داوای پارەی لێ دەکەین، بەڵکو پارەمان بداتێو بۆ خۆمان وەکو ئەو منالانە لوقم یاشەکرۆکە یاکێك بۆ خۆ بکڕین.. ئێمەی منالێش لەو تەمەنە ئەمەو ئەوە نازانین چیە ئاخۆ لەماڵەوە پارە هەیە نیە، دەبێ پارەمان بدرێتێ جا ئەو پارەیە لەکوێ دێننو پەیدای دەکەن، ئەوە کەیفی خۆیانە.. بۆیە دایکم بەستنەوەی ئێمەی پێ گەلێ لەوەباشتر لەماڵەوە بوو پارە نەبێ بمانداتێ ئەوجا گوێ لەهەستو نەستو نووزەو گریمانمان بگرێو هیچی لەدەست نێ.

عومەری باوکم بەهۆی سەقەتی دەستی چەپەی نەیدەتوانی کارێ کاسبی کرێکاریەك بکا، بۆیە لەماڵەوە دەرنەدەچوو، پێ لەسەرپێ تەنیا دەیخواردەوەو دەخەوت.. دایکیشم بوو بووە مشوورگێڕی ماڵمان، بەرەو مافوری دروست دەکردو بەکەم پارەیەك دەیفرۆشتەوە.. وەلێ پارەکە هەر بایی ئەوەندەبوو نەیەڵێ ئەو خێزانە لە برسان بمرێو رەزیلو موحتاجی بەردەستی ئەمێكو ئەوێکبێ.. وا دەزانم دوێنێیە چەرخێکمان هەبوو لەبەینی منو پەخشان بزر بوو، ئێستاش کەس نەیزانی ئایا عەرد قووتیدا یا ئاسمان هەڵیکێشا، باوکم زۆر دەهری بوو، رەقی هەڵسا بەلینگە نەعل بەربووە وێزەمان.. لێدەو لێدە، لێدانێکی خۆشی لێداین، زۆریشی خۆش دەویستین.. ئەو لێدانە یەکەمجار بوو لێمان

بدرێ، باوکم هەستی بەپەشیمانیەکی زۆر کرد، هەردوکمانی نایە ئامێزو دەستی کردە گریان ، بەدەم هەنسکدانەوە سەری پڕ کاسی بۆ ئاسمان هەڵبڕیو کەوتە نزاو پاڕانەوە: ( خوایە گیان شوکر بەبەشت.. دەبێ گوناهی ئەو منالآنە چیبێ؟! ئەو منالآنەم لەرۆحی خۆم زێتر خۆشدەوێن، ئەگەر عانەیەکم لەماڵەوە شك دەبرد قەت دڵم نەدەهات لێیاندەمو لەسەر چەرخێکی هیچ، لێیانم نەدەدا).

دوای ئەوە، تاقە شتێ هەروا دەزانم دوێنێیە پۆلی سێی سەرەتایی بووم، مامۆستا ئەمجەد بەکەیفسازیەوە هاتە لامانو بەگەشداریەوە رووتێکردین: ( قوتابیانی بەرێز بەیانی نۆرەی ئێوەیە رەسمتان بگیرێ، ئێوە بەکەیفی خۆتان بکەن، چ جلێ حەزتان لێیەتی ئەو جلە بکەنەبەر کە وەکو یادگاریەکی خۆشو شیرین، رەسمێکی جەماعیتان دەگرینو هەریەکەشتان رەسمی خۆی پێ دەدرێو وەك دیاریەکی بچووکی قوتابخانە پارەشتان لێ وەرناگرین.. تێگەیشتن بابە؟!).

گەلێ خۆشحاڵ بووم، لەخوایەکم دەویست هەرچی زووە ئەو دەوامە تەواو بێو بەپەلە بچمەوە ماڵو ئەم هەواڵە خۆشە بەدایکم بگەیەنم.. کاتێ گەڕامەوە ماڵ دایکم خەریك بوو تازە نیسك بەپەرپێنەی دەنایە سەر ئاگر.. لە دوورەوە دەنگمدا: (هۆ دایە دایە.. دایە گیان بەیانی بەبێ پارە رەسممان دەگرن.. مامۆستا ئەمجد گوتی کەبەیانی هاتنە قوتابخانە جلی جوان لەبەرکەن تا لەرەسمەکە بەجوانی دەرچن.. دایە دەبێ ئێستە ئەو جلانەی بەرم بشۆی وابێ بۆ سبەی وشك بێتەوە بەڵکو بتوانم لەبەریکەم، ئای کە حەز دەکەم رەسمێکی جوانو رێكو پێکم هەبێ).

کتوپڕ بەبینینی سەعاتە زلەی دەستی دایکم، بەبزەیەکی بەمەغزاوە درێژەم بەقسەکانمدا: (دایە گیان دەزانی دەبێ ئەو سەعاتەی دەستی خۆتم بدەیتێ تالەکاتی رەسم گرتنەکەدا رووی بکەمە کامیرەکە بەمە تەنها من

لەناو هەموان بەجوانی دەردەکەوم).

دایکم بزەیەکی سازگاری نایە سەرلێو: ( جا کوڕی خۆم قەی چیەکە، بەسەر هۆردوو چاو.. بەیانی پێش ئەوەی بڕۆی سەعاتەکەت دەدەمێ هەرچەندە زنجیرەکەی بۆ دەستی تۆ گەورەیە،بەهەرحاڵ دەبێ وریاییی لەدەستت نەکەوێ، دەنەها کوڕە دەشکێو دەبێ فرێی دەین).

دەستم بۆ تەنیشتم بردو بەهەڵپەیەکەوە: (نا دایە دڵت ختورەی هیچ نەکا، چۆن ئاگام لەخۆیە دەبێ ئاواش ئاگام لە سەعاتەکەتبێ).

❊❊❊

بەیانی رۆژی پاشتر کەلەخەو بێدار بوومەوە، جوان دەستو چاوم بەسابوون شووشتو خۆم گۆڕی.. دایکم دەست وبردانە لەتەندورە قوڕەکەی ناو کادینەکەدا شەش حەوت کولێرە بەڕوونی بەتامی برژاندو قۆریە چایەکەی خستە سەرپاشماوەی ئاگرەکە، دوو کولێرەم خواردو بەدوایدا دووچای شیرینم هەڵقوڕاند: ( دایە ئەوجا بڕۆم).

دایکم لەجێوە دەستی گەیاندە سەعاتەکەی، لەدەستی کردەوەو بەدەم زەردەخەنەیەکەوە بۆی راگرتم: (هانێ کوڕی خۆم، بەس وریابە لەدەستت بەرنەبێتەوە).

توند پەلاماری دەستیمداو چەند ماچێکی یەك لەسەر یەکم کرد: ( بەقوربانت بم دایەگیان خەمت نەبێ بەسەلامەتی بۆتی دێنمەوە).

دایکم قاقا بەرووماپێکەنی ... بەهێواشی سەعاتەکەم کردە بەر باخەڵی شەرواڵە رەنگ خورماییەکە: (دەی خوا حافیز).

-خوا حافیزتبێو خوا دەست بەباڵتەوە بگرێ.

دەرسی یەکەم تەواو بوو.. دەرسی دووەمان بڕی .. لەناوەڕاستی دەرسی

سێیەمدا مودیر بەخۆو دار حەیزەرانێکەوە خۆی کرد بە پۆلاو بەدەنگێکی گڕی نێرانە: (مامۆستا زەحمەت نەبێ بەبێ دەنگی قوتابییەکان بێنە دەرەوە، بەڵکو رسمیان بگرین).

مەلی ئەندێشەم بەرەو جیهانێکی نادیار هەڵفڕی: (ئای کە چەند خۆشە وا بۆ یەکەمجار لە ژیانما رەسمێك دەگرم رەسمە کە دەبێنە موڵکی خۆم).

هەمووان ریز کراینو لەکەشو هەوایەکی کپو خامۆشدا رەسمیان گرتین، دوای سێ رۆژ سەرو رەسمیان داینەوە، ئەوەی بێ حەد دڵی خۆش کردبووم سەعاتەکەی دایکم بوو کە لەناو ئەو هەموو خەڵکە تەنیا من بەسەعاتەوە رەسم گرتووە.

دایکم تاوەکو ئەو ساڵانەش دەیگێڕاوە دەیوت: (کوڕم ئارام، تۆ زۆر فەقیرو کەمدو بووی وەکو دەڵێن مێشت لەدەمی خۆ نەدەکردەوە تەنانەت گۆرانی ئاسایی چیە گۆرانیەکت نەدەزانی، بەجۆرێ تا پۆلی شەشی سەرەتاییشت بڕی، ئەو گۆرانیەی لێی راهاتبووی چەند وشەیەك بوو، هەموو جارێ کە دەموت: کوڕم ئارامە دەگۆرانیەکم بۆ بڵێ؟! یەکسەر تووڕت هەڵدەدا:

مشکە دێو دەبەزێ
گوێی خەلیل دەگەزێ
خەلیل دەڵێ وەی دایە
مشکم لەگوێ ئاڵایە

* * *



**-٢-**

پۆلی شەشمم سەرکەوتوانە تەواوکردو پێمنایە قۆناغی ناوەندی.. لەوسەرو بەندە باوکم بەپاسەوان دامەزرا، بەمە لە تەك گۆڕانێکی وا تازەدا، لەژیانی منیشدا گۆڕانێکی کتو پڕ روویدا ئەویش سەرهەڵدانی ئەشقێکی چاوەڕوان نەکراو بوو کاتێك جەژنی رەمەزان دەهات، پوورم فەهاو بەخۆو منالەکانی لەسلێمانیەوە هاتنە ماڵمان، هەستم کرد لە ژیانمدایەکەمجارە بەفرینی کچە پوورم دەبینمو دەیناسم.. بەڕاستی شەکری

لـەلێوان دەبـاریو بـزەو زەردە خەنـە سـحراویەکەی بەچەشـنێ بـوو، بـۆ یەکەمجارە کچێك ببینم بەرووبەکی گەشەوە پێم بڵێ: ئارام گیـان بەسـاقە، شـوکر باشـی؟! لەگـەڵ خوێندنەکـەت چـۆنی؟! ئـای کـە تامـەزرۆی بینینتبووم).

بەتاسەوە تێبڕامامو وەك رەوە گورگـێ بەدوامـەوەبن،دڵم کەوتـە ترپـە ترپی لێدانێکی خێرا،هەناسەم سوار بوو، بەپچڕ پچـڕیەکەوە( ش. . ش. . شو.. شوکر .. خاسم، لەیەکی ناوەندی دەخوێنم.. ئەی تۆ؟!).

+ ناکە نەزانی؟! ئەی منو تۆلەرۆژێکدا لـەدایك نەبوینـە؟! بێگومـان منیش پۆلی یەکم.

قاقا پێکەنی .. هەر ماشەڵڵای دەوێ ، مێوژە رەشکەی بخواردایـە لـە گەردنی دیاربوو، چاوێکی لێ داگرتمو بەدەنگە مۆسیقیەکەی: (پێم خۆشە گرنگی بەخوێندنەکەت بدەی تا پاشـە رۆژ ببیـە مامۆسـتا، موهەنـدس، دکتۆرو شتێکی لەوبابەتە).

دەتوت مرۆیەکی دابڕاوی کاروانسەرامو وتێنوێتی ئەشق هـەو زەڵـی بۆ هێناوم ئەوکچەی وا دەمدوێنێو بەروومدا پێدەکەنێ، کتو پڕ ئاشقیبم ئەگەر لەراستیدا نەمتوانی بەتاقـە وشـەیەك رازی دڵمـی لەلابکەمـەوە، بەجارێ شتێگیری کردم کەلە جێوە زارەترەکبم.. ناهەقم نییە، بۆ ناهـەقم بـێ؟! رۆژێلـەرۆژان کچـێکم نـەدی مەرحەبایـەك، قسـەیەکی خـۆش، ئیشارەتێ، بەدەم بزەیەکەوە ئاوڕێکم لێداتەوە.. وەلـێ شـەرم سـەرجەلەو تارمایی هەموو هەڵسوکەوتێکم بوو.. پێم عەیب بوو بـەجوانی دیقـەتی بدەمێو تیلە نیگای بەمەغزای ئاڕاسـتە بکـەم، مەگـەر بزانیایـە کـەس تەماشام ناکائەوە بروسکە ئاسا چاوم دەدایێ.

لەو رۆژەوە بەغایەلـەی ئـەوەوە دەژێـم.. هـەموو سـاڵێ یەکـەم رۆژ نەبوایە دووەم رۆژی جەژن ماڵی پوورم دەهاتنە ماڵمان.. مانگی رەمەزان

لای من ماناو مەدلوولی خۆی هەبوو تێیدا بەرۆژوو دەبووم‌و ڕۆژەکانیم بە پەنجەی دەست دەژماردو نوێژ نەبوو ئەو دوعایەی تێدا نەکەم : (خوایە گیان بۆ گەورەو عەزەمەتی خۆت بەفرینم بە نسیبکەی، بەفرینم پێ ببەخشی.. دڵی دایك‌و باوکم نەرمکەی بۆم بێنن.. خوایە گیان بەقوربانتبم گەر دڵی دایکی نەرمکەی بمداتێ، خوایە گیان بەنسیبمیکەی).

مەلی ئەندێشەم لەشەوانی جەژندا ڕووەو جیهانێکی دوور هەڵدەفڕی: (وا دەکەم.. واناکەم .. گەربەفرین ئەوجارە هاتە ماڵمان غیرەت دەدەمە بەرخۆو شەرم لەجەستەم دەتەکێنم تابێ پەروا پێی بڵێم : هەناسە، دڵەکەم.. بەفرین گیان خۆشتم دەوێ.. هەمیشە لەیادمی‌و بەوێنەی سێبەر لێم جیانابیەوە.. فشەفش کوڕە نەنگ‌و شورییە ئەو قسە قۆڕانە نەکەی با حەیات نەچێ، ئەدی چار؟! قوڕی کێ بکەم بەسەرما؟ ئا، ئەم کەرەتە بەناوی خوێندن‌و ئەو چەشنە بابەتانە، تۆبڵێی قاتیبێ هەلێکم بۆنەڕەخسێ ڕاشکاوانە پێی دەڵێم: تۆ پەری سەر دونیای .. تۆ لەجوانیدا بێ وێنەی، منیش شەیدای ئەوجوانیەم، وابزانم دونیا بکەم‌و بێمەوە نابینم کەسێ هاوشێوەی تۆ بێ.. بێگومان لەوئان‌و ساتە بەفرین بزەیەکی سازگار دەنێتە سەر لێوی‌و کۆڵێ کەیفساز دەبێ.. ئەگەر وتی: ( چما من تائەو ڕادەیە جوانم؟!) ناهێڵم قسەکەی تەواو کات، زمانم دێنمە گۆ: (هیچ شکی تێدانیە ..من سەرسامم بەو جوانیەی تۆ.. حەپەساوم.. خەریکە بۆت شێت‌و شبر دەبم)، ئەگەر دایە قریقەی پێکەنین : (کوڕەنەکەی شێت نەبی) پێی دەڵێم : (خۆشتم دەوێ، بەو هیوایەی لاپەڕەیەکی نوێ لەژیانمان هەڵدەینەوە) ڕەنگە بۆ ئەو بڕیارێکی واپڕتاو نەختێ زەحمەتبێ،قەناعەتم وایە بێدەنگی دەنوێنێ، بێ دەنگیش نیشانەی ڕازیبوونە، ئیدی زیاتر سەری نایەشێنم‌و بەچەند پەیڤێکی کورت کۆتایی بەوتوێژەکە دێنم:

(بەفرین گیان من دەتوانم بەختەوەرتکەم چونکەلەناخەوە بۆت سوتاوم، تۆش لەبڕیاردانی خۆت سەرپشکبە، ئومێدم زۆرەقبوڵمکەی).

وەلێ ئەفسووس کاتێ من‌و ئەو بەتەنێ لەژوورێکدا روو بەرووی یەك دەبوینەوە، زمانم لەدەم نە دەماو هەموو ئەو خەیاڵپلاوانەم دەبوونە بلقی سەر ئاوو دەپووکاوە.. توخوا کەی ئەمەوەزعە قسەت لەگەروو بچەقێ‌و هیچت بۆنەیەت؟! وەختێ هەڵدەستاو ماڵمانی جێ دەهێشت،توند توند مستم بەسەرمدا دەکێشا، ئەوجا بەرق‌و کینەوەبەخۆمم دەوت: ( غیرەت سەگ بتخوا، کوڕەخۆ دونیا کاول نەدەبوو ئەگەر ئەو هەستە بێ غەل‌و غەشەی خۆتت بۆی دەربڕیایە؟!).

لەسێیەم ساڵی جەژندا، رۆژانی یەکەم‌و دووەمم بەڕێ کرد، وامدەزانی لەسەر دونیا ناژیم‌و دەرەوەم تاریك نەدەکرد، هەر لە بەیانی ڕا تا ئێوارە خۆم دەنایە بن جێ‌و بەدەم بیرکردنەوەی قووڵ‌و بێ ئامانەوە بەخەیاڵدا دەچووم: (ئەی هاوارم هەیش بلێ ئەو ماڵەپوورەم بۆ نەهاتن؟! تۆ بلێی هیچ بووبێ؟! خەریکە مێشکم دەتەقێ‌و تێك دەچم، دڵم ئۆقرە ناگرێ، ئەوەیە ناچەوان نەیکا، نایکا.. ناوچەوانم سێنزەیە، دەنەماقوولە سالێکی تەبەق‌و رەبەق بژمێرم، خەنی‌و خۆشی جەژن دێ، ئەوجا چاوم بەچاوی بەفرین نەکەوێ‌و نەیبینم.. پۆلی سێیەمم بڕی‌و چوومە ئامادەیی کشتوکاڵ، سێ ساڵم لەوێش بەڕێکرد هێشتا بەدەم ئێش‌و ژانی تەنیاییەوە دەمناڵاند چونکە نەمتوانی بەجۆرێ لەجۆرەکان رازی دڵی خۆمی لا بەیانکەم.. نازانم دڵم بە چی خۆشبێ؟! شەش ساڵ کچێکت خۆش بوێ، هەزارو یەك پلانی بۆ دانێی واو وا دەکەم ئەوجا زات نەکەی، دواجار بڕیارمدا نامەیەکی بۆ بنووسم‌و کەی هاتە ماڵمان، لەجیاتی هەمو قسەیەك، نامەکەی بدەمە دەست، نامەیەکی جوانم بۆی نووس:.

لەدڵەوە... هەموو تەمەنم بەفرین گیان سلاووعەترو گوڵ‌و رێحانە.

گیانەکەم تۆ لەبەفر سپی ترو لەپەڕەی گوڵ ناسك و لە شیلەی هەنگ شیرینتری.. بەو گردکارەی رۆحی منو تۆی بەدەستە، تاسەر ئێسقان سوتاوم، برژاوم. لەتاوی تۆ حەجمانم لێبڕاوە.. بزەو خەندە لەکانی لێوم وشك بووە، روو دەکەمە هەر شوێنێ وێنەی تۆم دێتە بەرچاو... وادەزانم ژیان بێ تۆ مانای نیەو خۆشەویستی ژیان لەچاوی تۆوە دەبینم .خۆشتم دەوێ تائەوپەڕی خۆشەویستی.. توخوا دڵم مەشکێنەو دڵی زامدارم بەهەستو سۆزت سارێژکە.. ئەگەر رەتمکەیەوە رەپو راست پێم بڵێ بمرەو مردن بۆ تۆ چاکە .. من بەهیوایەکی زۆرەوە دەڕوانمە تۆ بەجۆرێ دڵم ئاسودەکەیت، دەك خوا هەزار جار دڵت ئاسودەکاو بەئومێدی وەلامێکی خۆشم.

**خۆشەویستی خۆت**

**ئارام**

نامەکەم دەقو نوشت کردو خستمە زەرفێکەوە.. ئەو کارتەم وەکو دواکارت بەکار هێنا، تائەو بێدەنگیەی پێ بشکێنم، ئەفسووس خراپتر لەجاران، پەستو دڵتەنگیەکی بێشومار بەچەشنی سێبەرێکی گران بەسەرم داکشا، چونکە نەمتوانی لەو گەمەشدا نامەکەی بدەمێ.

***



## -٣-

ئەوەندەی بیرم دەێناو دەبرد منێ هیچم لەبارتەقا نەبێ بتوانم تەنها پێی بڵێم خۆشتم دەوێ، دەك سندانم لێداو عەمرم نەمێنێ .. ئەوە چ ژیانێکە بەخەمو خەفەتی ببەیە سەر، چار نییە واچاکە ئەو کچە لەمێشکی خۆمی بسڕمەوە تازیاتر گیرۆدەو بەو دەردەوە شێت و هار نەبوومە.. چەندی دەمکردو دەکۆشام خۆم بەشتێکەوە سەرقاڵکەم، هەوڵەکانم بێ سوود بوو، تەبیعەتە حیزەکەم وەکو مێش ئاسا وابوو چیم بکردایە نەمدەتوانی دەیمەنی بەفرین لەپێشچاوم بسڕمەوە، ئەوەیە تەبیعەت دەرمانی

نییە (کامەڕانی مام عەولا) زوو زوو نمونەی تەبیعـەتی دڵـی بـەو کچـە پەرسـتیارەی سـەردەمی شـا دێنـاوە، دەیـوت مـن لەخـەباتی شـاخ لەرووبەڕووبوونەوەیەکی دەستەویەخەی گەر رژێم برینـدار بـووم، بەپەلـە رەوانـەی ئـەودیوی سـنور کـرام و لەیـەك لـە قاوشـەکانی نەخۆشـخانە ناقۆلاکانی تاران منیان خەواند، پەرستیارێکی قەیرە کچ چـاودێری منـی دەکرد دەموچاوێکی قنچکاوی هەبوو، پرچێکی درێژی رەشی قەترانی خاو بەسەر شانو ملی هاتبووە خوار، زۆر حەلیمو نەرمو نیان دەدوا، تۆ بڵێـی هەمووپەرسـتیارێ وابـن؟! ئـەو تەبیعەتـەی منـی کوشـتبوو کچـە پەرستیارەکەیە، حەزم دەکـرد شـەوو رۆژ بەلامـدا بـێو بچێ،سەرسـامی رۆیشتنەکەی بووبوم، چ رۆیشـتنێ؟! ئەوەنـدە بـەجوانی دەلـەنگی ونـازو لەنجەی دەکرد، رۆژانە داوام لێ دەکرد، دەمـێ دوان بەرۆیشـتنە خەیاڵیـە سیحراویەکەی لەبەر دەمم بێو بڕوا، بەو دیمەنەی ئـاهێکی خـۆ نـەکردەم لەدەمەوە دەردەچوو: (ئاهـ بە قوربانی ئەو رۆیشـتنەتبم.. بـەس بمزانیبـا ئەو رۆیشتنە لەکوێ فێر بوویتی هیچم نە دەویسـت، هەسـت دەکـەم بـەو رۆیشتنە دڵپێکانەت سات بە سات ئازارەکانم سوك دەکـەی؟!). ئـەویش بەشەوقەوە دەیوت : (من لەخزمەتام، خزمەتێ بۆ تۆ ببێتە شیفا). ئیـدی بەرۆیشتنە ئاغرو ناسکەکەی بەرەو قاوشێکی دیکە شۆڕ دەبۆوە.

***

چێشەتگاوێکی درەنگ دایکم خەریکی پاکردنەوەی کادینەکـە بـوو، خـۆم گەیانـدێو شـانم بەدیوارەکـە داداو بەهەڵپەیەکـەوە: (دایـە گیـان لەدەورت گەڕێم) دایکم بەتەوسەوە سەری هەڵبڕی: (ها، بێـژە بـزانم چـیت لەبن سەرە؟!) نەختێ سەرم هەڵکڕاند: (ئـ.. ئـ.. ئـەوە. . ئـەو.. ئـەوەی

راستیبێ شەش ساڵە شتێکم لەدڵدایەو تا ئێستا نەموێراوە لای کەس، تەنانەی لای تۆش بیدرکێنم.. گەر یارمەتیم بدەی).

+ جا بۆ یارمەتیت نادەم.. شتەکە ئەوەندە گرنگە؟!

-ئەی چۆن دایە.. گەر قسەت لێ نەشارمەوە، من شەش ساڵە ئاشقی بەفرینم، نازانم ئەو ئاگای لێیە یان نا بەهەرحاڵ هەست دەکەم ژیانی من بێ ئەو مایە پووچە.. بەقوربانت بم، دەستەکانت ماچەکەم مشوورێکم لێ بخۆی، من شەرم دەکەم بەباوکم بڵێم ژنم دەوێ، ئێ خۆشتان دەزانن بەندە تۆغیانی ژنهێنانیەتی، شوکر ئەوە خوێندنم تەواو کردو لەمامەڵە دام، ها بزانە تەعین بووم).

دایکم سەراسیمە بوو : (ئاخر کوڕەکەم ژنهێنان گۆترەکاری نیە.. کەی دامەزرای‌و دەستت لەکارێ گیربوو، بەسەرچاو ژنت بۆ دێنین).

- ئێستا دایە من هەقی خۆمە یان نا؟! هەقی خۆم نیە ژن و ماڵو مناڵم هەبێ؟! ئەی ئێوە حەزناکەن من ببمە بابەو ئێوەش ببنە نەنەو باپیرە؟!

دایکم سووکە پێکەنینێ سیمای داگرت: (کوڕم خۆ قسەکەت تەواوە، بەڵام نەختێ چاوەڕوانکە تا کەمێ خۆمان دەگرینەوە، بۆ ئەوکاتیش خوا گەورەیە).

- ئەرێ دایە پسیارێ، کەس لەبرسا مردووە؟! وەعد چەندتان قەرز کرد، من پەیتا پەیتا دوای دامەزراندنم، قەرزەکانتان بۆ بدەمەوە.

+ ئەمری خوای لەسەر سەرو لەسەرچاوم، من دەڵێم نێرە ئەو دەڵێ بیدۆشە.. باشە بابەکەم کەی باوکت لەدەوام گەڕاوە، قسەیەکی لێوە دەکەین.

***

باوکم هاتەوە ماڵو دەمە دەمی عەسر بەرەو بازاڕ داغل بـۆوە، دوای ئەو بە پەلـەپروزێ خـۆم گەیانـدە لای دایکم: (دایـە گیـان ئـەرێ چـیت کردەوە؟!).

دایکم دەستی بەڕوومەتی داهێنا: (وەڵا هیچ).

دەنگم هەڵبڕی: (ئێ بۆ؟!).

-باوکت دەڵێ کەی ئارام بووە مووچە خۆر ژنی بۆ دێنم.. من لـەخۆڕا سەرم لەبەر هەتاو سپی نەکردووە، ئەوەی تێیبگەم باوکت حـەز بەچـارەی بەفرین ناکا، دەڵێ ئارامێکی سادەو ساکارو دڵساف چۆن دەبێ ژنێ بێنـێ هەڵەوڕو زۆر بڵێو فیزی زلبێ ئەوجا دوو ڕۆژی دی بەقسـەی فابریقـەدار لەخشتەی بباو بیکاتە عەبدی خۆی.. کوڕم ئارامە باوکـت ڕایـەکی تـری هەیە دەڵێ مادام ئـارام هـەر حـەزی لەژنـە مـن بـۆی دەچـمە داخـوازی گەلاوێژی ئامۆزای، دیارە مامت ئەوەچەند جارە پێی دەڵێ من نامـەوێ کچی خۆم بدەمە بێگانەو گەر ئەو کوڕەت دەیەوێو بەکچـی مـن ڕازیـە، من بەکراسی بەرەوە پێشکەشی دەکەم.

ئێشو ژان وەکو ئاگرو پووش بەلەشمدا بڵاوبۆوە، هەڵچووم: (دایە چما من خەوتووی ژێر خاکم؟! پێم ناڵێن ژن بۆ کـێ دێ؟! بـۆ مـن دێ یـا بـۆ باوکم؟ گەر منێك بە چاکو خراپی بەفرین ڕازیـبم، ئـەی بـاوکم بـۆ ڕازی نابێ؟!).

دایکم کەوتە نووزانەوە: (جا گوناهی من چیە بابەکـەم؟! گـەر قسـە لـەدایکی خـۆت وەردەگـری، وەرە شـەیتان بەنەعلەتکـە زەرەر ناکـەی.. مەردی خواییە قسـە لەقسـەی مەکـەو ئـەو کـەبڵێ بـەفرینم بـۆ لـەزێڕ هەڵکێشـن نـابێ بێتـە مـاڵم، یـەعنی چـی؟! خـۆ کەروگانیـە دیـارە هەڵیسەنگاندوەو دەزانێ بایی چەندە؟! باوکـت ئەوەندەشـی وت کـەپێت

بلێم بەس بەگەڵاوێژ رازیبی، ئیدی دوای سالێ دوانی دیکە هەرکاتێ حەزت چووە سەر ژنێکی، ئەوە ژنێکی ترت بۆ بێنێ، هەڵبەتە زۆری پێخۆشە ئەو ئامۆزایەت بێنی).

دڵم داخورپا، بەپەستو پەشێوی : ( دایە، کەی ئەمە قسەیە؟! فەرموو بزانم عەیبو عاری ئەو بەستەزمانە چیە؟! بێ ناموسە؟! چاو لەدەرە؟! چیەتی؟! دواتر خوشکەزای تۆیەو کەس نەیناسێ تۆ لەهەموو خەڵك باشتر دەیناسی). کەقسەکانی پێشووی خواردەوە: (ئێ وایە.. کوڕە منیش هەمان بۆچوونی باوکتم هەیە، لەبەر دڵی تۆ قسەم نەکرد دەنە بەفرین کچێکی جیقنو بوغز لەدڵە، پووزی گەلێ گەورەیە ..ئێمە لەخێزانێکی ئاوا بەکورتیەکەی بەینی تۆو ئەم کوجا مەرحەبا، منیش بۆ تۆمەو خۆشتم دەوێ).

لەشم شەلاڵی ئارەقە بوو بوو، لەتوڕەییان جیڕەم لە ددانەوە دەهات: (مادام وای لێهات منیش ئەگەر کچ لەدونیا قاتیبێو هەر گەلاوێژ هەبێ، نایهێنم)، بەبێزاریەکی تێکەڵ بەزەلیلی رووم وەرگێڕاو بەرەو دەرەوە رۆیشتم.

* * *

-٤-



بەدەم ڕۆیشتنێکی هێمن و ئارامەوە، کەوتمە شەنو کەوی قسەکانی دایکم: (بەفرین جیقنو بوغز لەدڵەو زۆریش لەخۆی رازیە.. ئااااى دەبێ ئەو رق ئەستووریەی دایكو باوکم لەچیەوە سەرچاوەیان گرتبێ؟! خۆچ نانو پیازیان لەگەڵی نەخواردوە، کەواتە لەپای چییە ئەو تۆمەتەی دەدەنە پاڵ؟! بێگومان بایی ئەوەندە ناحەزو نەیار هەنە دووقسەی خێر بکەنو بتوانن سوکوسانا لەبەرچاوی بخەن بەجۆرێ منو تۆ رقمان لێی بێو حەزی پێ نەکەین.. بەراستی

سەرگەردان ماوم، نازانم چیبکەم، بەڕاستی بۆ منیش گەلێ ناخۆشەو ناکرێ قسەی باوکم لەبەرد بدەم)، ویستم جێگەیەك لەبۆشایی حەزەکانم بۆ گەلاوێژی ئامۆزام تەرخان بکەم، کەچی قسەلۆکی پەخشانی خوشکم ریسەکەی لێ کردمەوە خوری ئەویشم لەبەرچاو رەشبێ، کاتێ بەشەوقەوە دەیوت: (برام خۆت لە قەرەی گەلاوێژ نەدەی، مەگەر نەیناسم هەر هێندە غەزری، بە ئامانی خوای چا نابێتەوە.. بچوکترین شت لەدڵ دەگرێ.. ئامادەشە بە هەفتەو دووهەفتە مان لەقسە بگرێ، تۆش لەکەشو هەوایەکی وادا بژیی ژیانت حیسابی نەبووی بۆ دەکرێ.. دواتر خۆ دایکی کراس رەش نەبڕاوە ماشەڵلا تۆ قیتو قۆزیو هەزاران کەس مەمنوونن بەس ئەوەندە لێیان بچیە پێش تا کچی خۆیانت بدەنێ).

عەیامێ رابورد.. بەسەردا جەژن داهات، بۆ ماڵی پوورم پەیدا نەبوونەوە.. دەوەرە بەفرین ببینەو کوڕوزەت لەهەناوەوە هەڵنەستێ، برینم هاتەوە سوێو ئۆقرەم نەگرت، بەچرپەیەکەوە بەدایکمم وت: (بەقوربانت بم دایە وا دەچمە ماڵی هێرشو دوای نیوەڕۆ دێمەوە، ئەو جارەش رووت لێ دەنێم بەڵکو بۆدواجار داخوازیەکی بەفرینم بۆ بکەی ئەگەر بوو، بوو.. وەئەگینا هیچی تر گلەیت لێ ناکەم).

دایکم سەرنجێکی جەوهەرباوی ئاڕاستە کردمو بە هەڵپەیەکەوە: (کوڕم توانیومە نەختێ دڵی باوکت نەرمکەم هەڵوێستی بەرامبەر بەفرین بگۆڕێ).

بەنەزاکەتەوە دەستم بۆ ئاسمان هەڵبڕیو کەوتمە پاڕانەوە: (خوایە گیان بۆ گەورەیی ناوە پیرۆزەکانت دڵی پوورم نەرمکەی بەفرینم داتێ.. دایە ئەوە رۆیشتم بتبینم ونەتناسمەوە،ئەوە رۆیشتم خوا حافیز).

-خوائاگادارتبێ.

* * *

دنیا ماتو ئاسمان سافو بێگەرد خۆی دەنواند. دوای نیوەڕۆ کاتێ بەلۆژە لۆژهاتمەوە . . ماڵی پوورم ڕۆیشتبوون.. خۆم گەیاندە دایکم و ترسێکی هومایی هوروژمی بۆ هێنام: (د. . دا..دایە.. دایە چیت کردەوە؟! خەبەرێکی خۆش).

دایکم دەتوت لەسەربانێکی بەرزیان بەرداوەتەوە، بەزمانێکی خاوو خلیچکەوە: (بڵێم چی؟! خوشکێکی کەلە رەقم هەیە، زۆرم بۆی رێست.. وەلێ دەتگۆ گوێزی بۆ دەژمێرم، چیبڵێ باشە؟! وەڵا کچی من هێشتا منالە، جارێ بەتەما نیم تا شەش حەوت ساڵی دیکە بەشوویدەم گەر قسمەتیش هەڵسا، یەك دەقە چیە رایناگرم، توخوا ئەمە قسەیە، من سەرم لەبەر هەتاو سپی کردبێ، دەبێ بزانم ئەو خوشکەم چی لەبن سەرە، بە کوردی وکرمانجی حەزەکا بەفرین بداتە نەهرۆی ئامۆزای باوکی کەبەبابی دەشێو بیست ساڵ لەو گەورەترە، بەڵام لێرە تەمەن بەهایەکی ئەوتۆی نییە، گرنگ کابرا دەوڵەمەندەو پێی دەڵێن پارێزەر، ئەو دوو شتە بۆ ئەو خوشکەم هەموو شتێکە).

رەنگی گەشم لەروودا پەڕی، وەك خەوێکی سامناکم دیبێو بەسەرا راچەنیبم، بە هەناسەی سوارەوە: (ئەی هەڵوێستی بەفرین؟!).

+ بەفرینی بەستەزمان چیبڵێ، دایکی سەرگەورەی ماڵە.. کەس حەددی نییە بەرامبەری بکۆخێ؟!


بەم قسانە تۆوی گومان لەکێڵگەی ناخم روا، بەخەمێکی چڕو خەستەوە چوومە ژوورەکەی دیو راکشام .. کەوتمە دەریای پەنهانی بێ ئامانو بەدەست گێژاوی شێتی هارو هاجەوە، بڕستم لێبڕا، بەکلۆجێ چ جێگەیێك قووڵو تاریكو سامناکە لەوێدا دەکەوتمە پەلەقاژێی خەفەتی مەرگبزوێن: (ئێستا تێگەیشتم پوورەم چ پولپەرستێکە؟! پوول و پایە لەکەللەی داوە، کەواتە بەفرین نادات کەسێك هیچی نەبێو لەبرسا

مردبێ).

قسەکانی دایکم دەق وا دەرچوو ..شەش هەفتــە تێپــەڕیو تێنەپــەڕی، خەبــەریان داینـــێ بـــەفرین لەنـــەهرۆ مـــارەکراوەو دوای شـــەش رۆژ گواستیویەتەوە.. دیمەنەکەم لە بەرچاو لێڵو تەماوی بوو.. بەبیستنی ئەم هەواڵە هەستم کـرد لەشـم دادەهێـزرێ، ئەنـدامانی لەشـم سـەراپا ژان دەکەن.. سەرم ئاخنیە کۆشـمو قـوڵپی گریـانم لـەدەم دەرپـەڕیو بـەکوڵ گریام. زۆریش نووزامەوە، سێ شـەو وسـێ رۆژ نـانم نەچـووە سـەر دەم.. لەسەرجێ وەکو شێتم لێهاتو ورێنەم دەکرد.. بەکەناری زۆر بیر کردنەوە دەگوزەریمو خەیاڵی بێ سنوور بەوێنەی ئۆقیانوسەکان بـەرەو دوورتـرینو قوڵترین شوێن بووبووە گێژاوێکی بێ رەحـمو لوولیـدەدام: (دەوەرە قـەت بوەو قەت کراوە شەش ساڵی رەبەق دڵت بەکچێکەوە بێو خۆشـت بـووێ، هەر بە ئومێدی ئـەوەوە بـژیی رۆژێ لـەرۆژان ببێتـە هاوسـەرت، ئـەوجا بەنسیبت نەبێو مێرد بکا).

***

-٥-



هەر دوای ئەوە شەش رۆژی نەبرد هاتنـــە دوام گوایـــە فـــەرمانی دامەزراندنم لـە دایـەرەی کشـتوکاڵ تەواو بووە وابێ سبەی بچم دەست بـەکاربم.. بەنابـەدڵی و کەساسـی ئەوقـەمیسو پانتۆڵـەم کردەبـەر کەباوکم لەگەڵ وەرگرتنـی مووچـەی سـەرە مـانگ بـێ ئـەوەی پرسـم پێبکات بەدڵی خۆی بۆی کڕیبـووم، کاتێ بـەخۆو فـەرمانی کارگێڕیـەوە چوومە ئەو بەشەی کەژاڵ بەرپرسـی بوو، بیسـتو یـەك بیرۆکـەی سـەیر سـەیر بەمێشـکما دەهـاتو دەچـوو (دەبێ دەوامی دایەرە ناخۆش نەبێ؟! ئـەی مامەڵـەی خەڵکەکە)کـەژاڵی فریشتە ئاسا بەتەمەن دەساڵو شەش مـانگ لـەمن گـەورەتر بـوو..

ئاودامانو ئێسك سووك ودەمو لفت شیرین، لەیەکەم دیدگەیەدا هەستی سۆزو ئەوینم بەرامبەری بزوا.. دوور لەئێستا من ئەوکاتە سەرو سیمایەکی گەشو کراوە، دوو چاوی زیتی تروسکەدارو تەنکە ریشێکی زەردباوی ئاوریشمیو باڵایەکی کەڵەگەتەی تۆزێ چەماوە بووم.. بەئەدەبەوە فەرمانەکەم لەبەردەمی دانا، زەردەخەنەیەکم بەرووی داباران وخۆم پێی ناساند: (قوربان من ناوم ئارامە، دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵیم، بۆ دەست بەکاربوونم، رەوانەی لای تۆیان کردوم).

کەژاڵ دەستی گەیاندە نووسراوەکەو کەوتە خوێندنەوەی.. بەقووڵی سەرنجی بەرووم یەکانگیر کردو بەبزەیەکی سازگارەوە لێوە تەنکەکانی ترازاند: (خۆشحاڵم بەهاتنت، هیوامان وایە ئەوەندەی لێرە دەمێنیەوەلەکارەکانت سەرکەوتوو بی، ئێستاش دەست بەکاربوونت دەنووسمو لەسبەیرا دەوامت لای منە، دیارە ئیشو کارەکانی ئێرە زەحمەتو گرنایيان تیانییەو بەرە بەرە لەمەڕچۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارەکان شارەزایی پەیدا دەکەی.. دووبارە بەخێربێی).

روخساری کەژاڵ پەڕەی گوڵی سووری گەشاوە ئاسا، سوور دەینواند.. لەجێوە تاسام ببینم ئافرەتێکی وا نەدیو نەناس بەگەرمی و دەمو لفتی شیرینی پێشوازیم دەکا، بۆی خەنیمەوە:( سوپاست دەکەم). کەژاڵلەسەرو سیمادا زۆر لەبەفرین دەچوو دەتوت کتو مت لەدایكو باوکێکن.. بۆیە بەدیتنی ئەو، یادی بەفرینم لیٚ ژیاوە.. نەك هەر ئەم، بەڵکو وێنەی هەرکچیٚ، ئافرەتێکم لەدەرەوە یا لەگۆڤارو ۆژنامەو تەلەفزیۆنەکان ببینیایە، سوکنایم دەهات کەئەو بابەتو کەسو بەرنامەو فیلمو شانۆگەریەشم خۆش بویٚ، چونکە وامدەزانی بۆنی گوڵو رەیحانەی بەفرینەو بەسەرم دەپڕژیٚ، ئیدی کەسەکەم بەلاوە گرنگ نەبوو کێیەو کیٚ نیە، یا دەیناسم.. کەژاڵ هەموو رۆژیٚ دەمە دەمی بانگی نیوەڕۆ ژوورەکەی جیٚ دەێشت، شەش دەقەی دەبردو نەدەبرد، دووساردو دوولەفەی گەسی دێناو

دەگەڕاوە.. بێ چرپە لەفەوساردێکی لەسەر مێزەکەم دادەناو ئەوی تری بۆ خۆی دەبرد : (فەرموو باوانم نۆشیکە، عافیەتت بێ).. ئەو ماستە موویەکی تێدایە.. ئەو هەموو گرنگیدانە بەمن، مانای چیە؟! دیمەنەکە کاریگەرەو شەرم ئارەقەی پێ دەڕشتم، بەئەدەبەوە سەرم هەڵدبڕی، دەموت: (ئاخر کەژاڵ خان برسیم نییە.. شەرمەزارم مەکە، ئەوە مانگێك و شەش رۆژە لێرەم،هێشتا تۆ لەفەو ساردم بۆ دەکڕی، من سوپاست دەکەم بەلاّم خۆت ئاگەداری خەڵکی ئەم رۆژگارەی مێشێ دەکەنە گامێشێ‌و لەهەموو شتێ بەگومانن تەنانەت لەسێبەری خۆشیان ..من زۆر لەو خەڵکانە دەترسم ناوو ناتۆرەیەکمان بۆ هەڵببەستن‌و پێیەوە حەیامان بچێ).

شەپۆلێکی تێکەڵ بەهەمەجۆری هەستو سۆز لەقولاّیی ناخیدا هوروژمی بۆ هێنا: (جا ئەگەر گوێ لەقسەلۆکی ئەم‌و ئەوبگرین ئەسڵەن نابێ لەم مەملەکەتە بژێنین.. چما ئێمە هیچ بێ شەرعیەکمان کردووە ئیتر خەڵکی چ دەڵێن وچ دەڕێسن کەیفی خۆیانەو حەواڵەی خوایان دەکەم ..ئەی من‌و تۆ خوشك‌و برای یەکدی نین؟!) بیرو مێشکی پێمەوە خەریکما.. نیگای لێ نەگۆستمەوە.. لەئاست وشەی ئەی من‌و تۆ خوشك وبرای یەکدی نین لێوی پەشیمانی گەست، سڵەمیەوەو بێدەنگیەکی قورس باڵی بەسەردا کێشا.. دوای تاوێ، دڕم بەوبێدەنگیەدا : (کەژاڵ خان).

بەنەزاکەتەوە زمانی هێنایە گۆ: (حەز ناکەم چیتر بەکەژاڵ خان ناوم بێنی و بانگم بکەی، هەر وشەی کەژاڵەکە بەسە).

لەشەش مانگ ، شەش جار داوەتی ماڵەوەی کردم.. دایك‌و باوکی کەژاڵ چووبوونە ساڵەوە، لەکوڕو کچ هەر ئەویان هەبوو.. درێژەی ئەوتێکەڵیە بەوەگەیشت هەفتەی جارێ دوو جار پێش گەڕانەوەی بۆ ماڵ عەلاگەیەك پڕ لەمیوەهاتم بۆ بێنێ‌و بەڕێزەوە بڵێ: (ئارام گیان وەك دیاریەکی بچوك ئەوشتانە بەرەوە ماڵ. نابێ دڵم بشکێنی‌و بەهیچی لێك

نەدەیەوە).

-کەژاڵ گیان ئاخر نابێ ناکرێ ئاخر وابڕوا ئیفلاس دێنیو فلسی قەڵبت پێ نامێنێ، ماقووڵیش نییە هەموو رۆژێ ئەو رێیە دوورە دەکوتیەوە، بێیو لەجێی ئەو هەموو ماندووبوونەت، ئەوجا هیچت لێ شین نەبێ.

+نا.. وامەڵێ.. من بەوە سەر بەرزم وەکو لێمی وەردەگریو هەستدەکەم بەم کارە دڵم ئاسوودە دەبێ وا دەزانم ئەوە ئاوڕێکی بچووکەو لەماڵی باوکتی بدەدەمەوە.

بەجارێ کێچم کەوتە کەوڵی وادەستەونەزەر نەوەستم و لەنۆژەندا بتوانم چاکەیەکی لەگەڵ بکەم، بیرم کردەوە سەرەمانگ کەموچەکەم وەرگرت داوەتێکی نایابی ماڵەوەی بکەم لەلایەك بۆ یەکتر ناسینو لەلایەکی دیکە لەنزیکەوە ماڵمان ببینێو بزانێ ژیان لەماڵی ئێمە چۆنەو چۆن بەڕێوە دەچێ؟! سەردانەکە سەرەتایەکی لێ رسکا تا کەژاڵ بەین نابەین بەناوی سەردانو هەواڵپرسینی هێرۆو پەخشان، بەدەست و دیاریەوە بێتە ماڵمان.. میوانی وا دوژمنیش بێ ، خۆشەویستە. هەرچی جارێ کەژاڵ تەکلیفی بکردایە: (دەبێ ئەمڕۆ نیوەڕۆ یائێوارە میوانمان بی). دەم پرسی:(جارێ پێم بڵێ ئەگەر باوکت لەماڵەوە بێ پێم دەکرێو دێم وەئەگینا داوای لێبورنم هەیە).

کەژاڵ دەیبردەوە باری گاڵتەجاڕی: (دیارە هەموو حیسابێکی تۆ لەگەڵ باوکمە؟! ئەرێ دەزانی باوکم بێ ئەندازە خۆشتی دەوێ هەمیشە دەڵێ ئارام چی بۆ بکرێ هێشتاکەمە).

-ئێ وایە، پیاو رێزی خۆی بەخۆوەیەتی.

+ چیە ئەو دەورە؟!

هەر بۆ زاخاوی مێشك، بەڕەیەکم داوێشتە مزگەوتێ: (دەور دەوری پیاوە، منیش خۆ بەپیاو دەزانم و لەناو هەزار ژنا دیارم).

* * *

## -٦-



هەموو دەمێ هەوڵمدەدا بەوپەڕی ورياييەوە لەگەڵ کەژاڵ هەڵسمو دانيشم، پێشتر پشتی دەستی خۆم سوتاندبوو تاپێم بکرێ هەڵە نەکەم، جا دايەرەی لێ دەرچێ لەيەك شوێن بەتەنياو دوو بەدوو لەگەڵی نەدەمامەوە .. ئەو وڕێنەگەڕەی گەرای لەهزرو زەينم دانابوو، کاريگەری قسەکانی مەحمودی ئامۆزام بوو، زوو زوو سەرزەنشتی دەکردم دەيوت: (ئارام گيان وەك من لە خۆت مەکە، من بۆ لەزەتێکی کەمو کورت هەموو ژيانم دۆڕاند.. قسەکەم بکە گوارەو لە گوێتيخە.. نەکەی قەت بەتەنيا

لەگەڵ ژنی نامەحرەم بمێنیـەوە، شـەیتان سـەگەو زەفـەرت پێـدەبا، جـا وەسوەسە نەخاتە دڵی تۆ،بێ شك پەی بەژنەکە دەباو لـە خشـتەی دەباتـە خوارێ.. ئەوساڵەی بوومە سـەرباز،بێ یـەكو دوو نـەقڵی بەغـدا کـرام. ماوەیەکی چاك لەسەربازگەی (تـاجی) مامـەوە، عەمیـدجابر بەرپرسـی یەکەمی ئەو سەربازگەیە لەناو ئەو حەشاماتە بانگی منی کـرد: (ئـادەی .. تۆ وەرە دەرەوە). بە ترسو بیمێکی بێ ئەندازە چوومە پێش، بەشـانزە شەقاوێ لەبەر دەمی لەنگەرم گـرتو پێکـانم بەتونـدی کێشـا بـەزەوی‌و بەدەنگێکی بەرزو گڕی نێرانە: (بەڵێ گەورەم).

+ ناوت چییە؟!شەو لەکوێ دەمێنیەوە؟!

-گەورەم ناوم مەحموودە.. بۆ شەویش هەرلێرە دەمێنمەوە؟!

+لەبەغدا چ خزمێ ناسیاوێکت نییە سەردانیان بکەی؟!

-نەخێر گەورەم.

+زۆر چاکە.. لەم ئانو ساتە تۆ مەراسـیلی منـی، لـەجیاتی هـەموو مەشقێ، دەچیە ماڵمانو لەوێ دەمێنیەوە.. باخچـەیەکم هەیـە خزمـەتی دەکەی،هـەروەها سـوعادی خێـزانم چ پێویسـتییەکی هـەبوو، لەقسـەی دەرناچی.

- گەورەم ئاخر...

+ نامەوێ گوێم لـەهیچ بـێ ..دەتخوێنمـەوە چـی دەڵێـی ؟! لـەناو دوو هەفتە بەفەرمی مۆڵەتی سێ ڕۆژی خـۆت لـەمن وەردەگـریو دەچـیەوە، وابزانم خراپ نییە.

بیرم دوور ڕۆیی: (قەت لەمە باشتر نابێ.. لەکۆڵ راکە راكو مەشـقەی مەشقکاری دەبمەوە، دەشزانم مەراسیلی واتە خزمەتکاری.. کێ بەکێیە؟! من چ دۆستو ناسیاوێکم لێرەنیە، جا بۆ عـەیب بێو شـەرم بکـەم ئـەوجا زانیان چیە؟ ! درۆ زۆرو زەوەندە دەڵێم تاقـەتی سـزادانم نییـەو فـەرمانی

سەرووش بەمن ناشکێ).

عەمید جابر بەچرپەیەکەوە شوفێرەکەی راسپارد: (هەر ئێستا ئەو کوڕە دەگەیەنیەجێو زوو دێیەوە).

شوفێرەکە منی لەبەردەمماڵیان داناو گەڕاوە .. بەحەپەساوی دەستم بەزەنگەکەوەنا. ئافرەتێ دەرگاکەی خستە سەرگازەرەی پشت.. سوعاد بوو.. سوعاد بەژن زراڤ، ناوقەد باریکو لێوبەبار، تەنوورەیەکی رەشو بلوزێکی سپی لەبەر بوو.. بە بینینی واتدەزانی بەدەم سروەوە گوڵەباخێکی جوانو ناسکەو دەلەرێتەوە.. مێشکم جەنجاڵو خەیاڵاوی، بیر کردنەوەم وەکو زریان هەڵیکردو راپێچی شوێنی سەیرەو سەمەرەی کردم... لەجێوە وشك هەڵاتم.. چاوێکی پر عیشوەو نازی دامێ، خۆی لەگوورە نەبرد: (فەرموو)، دەمم وەك تەڵەی تەقیوی لێهات، زمانم چووە کلیلە، هەستم کرد خەریکە دەخنکێم.. نەمتوانی نیگای چاوەکانیکەم، سەرم نایە ژێرخۆو بە کزۆڵیەوە:( ناوم مەحموودە. عەمیدجابر هەڵیبژاردوم بۆخزمەتی ئەم ماڵەو پێویستی بەرێزتان).

بەلەنجەو نازەوە: (زۆر باشە ئەو قسەی لەگەڵ کردوم، فەرموو، بڕۆرە سەرەوە، هەڵکشێ من تابازاڕ دەچمو زۆرم پێناچێ دێمەوە.. ئاگات لەو ماڵەبێ).

-باشە قوربان.

داخزامە نێو چیمەنەکە، چیمەنێکی بەگوڵ وفریز چنراو، بۆنی گوڵو دارو درەخت رێ ڕێ بەکونە لوتمدا بەرەو خوار ڕۆ دەچوو..سەرێکم بەناو خانووەکە داگرت، نەخش ونیگارو پەیکەرسازی و جامخانەی ئەلەمنیۆمو داری ساج لەجوانیدا شەوقیان دەداوەو دیمەنێکی دڵڕفێنیان دەبەخشی، سوعاد لەنێوشەش هەفتە جارێ برۆکانی هەڵدەگرت بەمە برۆکانی دەبوونە دووماسی زەردو بەلاجانو تەوێڵیدا مەلەیان دەکرد.. هەموو رۆژێ

شاخەوان عەلی حەمەد

کەلەخەو هەڵدەستاو لەناونوێنە گەرمەکەی دەردەچوو، بەلەشێکی شلو خاوەوە دەهاتە بەردەم دەستشۆرەکە، بە سابوون جوان دەموچاوی دەشووشتو بەخاولیە گوڵ گوڵیەکەی سەر ئەسکەمیلەکە دەیسریەوە ئەوجا لەبەردەم ئاوێنە زلەکە ئەو ئاوێنەی بەقەد بەژنو بالاَی  دروست کرابوو، هەردوو قۆڵی لێ بەرز دەکردەوەو بن هەنگڵەکانی لەبۆدرە دەسوی، ئەوجا چەند جارێ خۆی بادەداو بەدیقەتەوە لەخۆی رادەما.

سوعاد ئەو نیگا دڵپێکانەی ئاڕاستەی دەکرم بەچەشنی دولبەرێکی سەر شیت،ئەشقێکی نامۆ دەروونی ئابلۆقەدا.. بۆ منیش ئەوەی لە هەرشتێ زیاتر سەرمەستی کردبووم،ئەوخاڵە سەوزباوەی سەرگۆناو چاوەشینەکەی بووکەوەکو ئەستێرەی گەلاوێژ بێ ئەوەی کلڕێژیان بکات، دەدرەوشانەوە.. کاتێ جامە ئاوێکم دەدایە دەستی، تا ئاوەکەی دەخواردەوە چاوی لێ کەلا نەدەخستمو لەدیمەنە شلو شێواوەکەم ورد دەبۆوە .. من لەو هۆدە دەخەوتم کەلە ناو حەوشەکە لەتەنیشت چیمەنەکە دروست کرابوو. ئەگەر ئیشێ کارێکی هەبوایە دەستی بەپلاکی زەنگەکەوە دەنا، منیش بەپەلە دەچوومە لای.. ئەوەی چاوەڕوانم نەدەکرد روویدا.. ئێوارەیەکی  درەنگ دەستی بەزەنگەکەوە نا، ئەو قەت ئاوا درەنگو ناوەخت ئیشی بەمن نەبووە، دەبێ چ ئیشی پێمبێ؟! هەنگاوی ئاسایم نا، بەئەسپایی دەرگای رێڕەوەکەم کردەوە، وەك دەنۆڕم ئەوە سوعاد بەتۆی رۆبێکی پەمەییەوە هاتوچۆ دەکا..  لەجێوە چەقیم، سوعاد رووی وەرگێڕا جوانیو مێینەیی لەهەموو بالاَی دەچۆڕا، سەرنجەکانی تێم چەقینو بەبڕواوە سەری راوەشاند : (وەرە دوامکەوە).

لەفکران ڕاچووم: (تۆ بلێی بیرێکی سامناك بەمێشکیدا نەهاتبێ؟!).

بەدەستە سپیەکەی، ریکۆردەری سەر مێزە ئیستیلەکەی هەڵکرد.. ئەوکاسێتەی خستبوویە سەری،  ئاوازێ بوو بەبیستنی وا گومانت دەبرد

خوێنی هەوەس‌و گەنجانە لەدڵتدا بەهەموو جەستەت پەرتدەبێ. گێژو وێـژ بە رەنگـی زەردو سـام گرتـووەوە کەوتمـە دوای.. لەناندینەکـە مێزێـك و دووکورسی لە سەریداچوار پەرداغ‌و دوو بوتڵ بیرە داندراوبوو جگە لەگـەڵ دووقاپی شوشەی بچووکی پڕ لەماست‌و فەخفوریـەکی تێکـەڵ بـەخاس‌و نارنج‌و نۆك کەئەویش بۆ مەزە داندرابوو. بەنەزاکەتەوە دەستی درێژکرد : (فەرموو گیانە .. فەرموو ).

بزەیەکم کەوتە سەرلێو.. روخسارم گەشایەوە، کرو کاس لەسـەر یـەك لەکورسیەکانی ئەوێ دانیشتم، سەرنجێکی خێرام بەسەرو سەکوتی گێـڕاو وێنەیەکی دەست‌و بردیم گرت.. سەرم بەسەر سینگم شۆڕ کردەوە.. هـات لە بەرامبـەرم دانیشـت..دزە تیلەیـەکم ئاڕاسـتەی کـرد، قاچـی چـەپەی خسـتبووە سـەر قاچـی راسـتەی‌و چـۆك‌و لاڕانـی بـە رووتـی لەرۆبەکـە دەرکەوتبوو کە لەگەڵ دەنگی مۆسـیقاکە نـزم نـزم دەیلەرانـدەوە.. بتڵـە بیرەکەی هەڵپچڕی، هەردوو پەراغەکەی پڕ کردو زەردە خەنەیـەکی خـاوی نایەسـەر لێـوو بـەلێزانی پەرداخەکـەی بـەرزکردەوە، لێوەتـەڕو ناسـك‌و سوورەکەی پێوەناو کەوتە هەڵمژینی کەفی بیرەکە.. تیلە چاوی بەمەغزای تێبڕیم‌و بەرێزەوە: (فەرموو .. فەرموو نۆشیکە).

تەواو پەشۆکام.. ناهەقم نەبوو چونکە لەژیانمدا دەمم بۆ بیرە نەبردبوو، دەستی راستم درێژ کردو پێکەکەم توند گـرت، هەسـتم کـرد پەرداغەکـە لەنێولەپم دەلەرزێ، هێدی هێـدی بـۆدەمم بـردو قـومێکی قـووڵم لێـداو دامناوە، بەدوادا کەوچکێ ماست‌و چەند کەوچکێ نۆکم ئاودیو کـردو بـە راڕاییەوەسەیری رووداوەکەم دەکرد.. ئەندێشەم بۆ دوور رۆیی: ( تۆ بڵێـی ئەو ژنە نەخەڵەفابێ؟! دەبێ شێت بـووبێ دەنـە منێکـی دەسـت کـورت‌و خزمەتکاری بەر دەستی ..ئەو رەفتارە نابەجێیە چ مانایـەك دەبەخشـێ ئەگەر تێك نەچووبێ لەکاتێکدا پیاوێکی جرت‌و جحێڵ ومـل ئەسـتووری

هەیەو لەهیچی کەم نییە).

کەلکەلەی بیر کردنەوەم پچڕا کاتێ سوعاد بەنەرمو نیـانی پاشمـاوەی قسەکەی تەواو کرد، دەروونیشی کوورە ئاسادەکولاَ: (مەحموود گیان ژیان یەك دوو رۆژێکەو تەواو .. ژیانیش بەخەمو خەفەت ناچێتە سـەر کەواتـە بۆچی سەری خۆمانی تێدا سپی کەین؟!).

سەرم بۆی لەقاند: (وایە). کش و مات بـوو.. هەمدیسـا تێهەڵچـۆوە: (من لەهەوەڵ رۆژەوە ئەشقێکی سەر شێت یەخەی گرتووم، بەدەم خـەونو خەیاڵی ئاجرو باجرەوە دەتلێمەوە، وامەزانە من سۆزانیبم، ئەو رابواردنەی لەگـەڵت رادەبـوێرم، تـەنیا تەقینـەوەی رقو کینەیـە، ئـەو رقو کینـەی دەمێکە لەناخمدا پەنگ دەخواتەوە).

بەتاسەوە پرسیم: (چۆن؟!).

ئاهێکی هەڵکێشا: (خۆت دەزانی پیاوی من مەسئوولەو مانگی چـەن رۆژێ دێتەوە. ئەقڵم هەڵسوکەوتی نـاگرێو بەسـەر خۆشـم نەیناوە..ئـەو بەجارێ منی پشت گوێ خستوە، گرنگیم پێ نـادا، ئـێ خـۆمنیش وەکـو هەر بەشەرێ حەزو ئارەزووم هەیە، پێویستە ئـەو حـەزو ئـارەزووەم تێـر بکرێ.. پیاوی من شەوانە تاوەختانێکی درەنگ لەبارەکان دەخواتەوە..کە بەسـەر خۆشـی دێتـەوە، یەکسـەر خـۆی هەڵدەداتـە سـەر سیسـەمەکەو تابەیانی پرخەی رۆژە رێیەك دەڕوا، منی کلۆڵو داماویش تاخەو بۆ خـۆیم دەباتەوە، بەدیار سەریەوە دادەنیشمو لەبەر خۆوە پشی دەخۆمەوە.. ئـەوە شـەش مانگـە تـوخنم نەکـەوتووەو سـەرجێیی لەگـەڵ نـەکردووم.. ئـەو کردارەیواهانای بـۆ دەبـەم ئەوپـەڕی بـێ هێـزیو بـێ دەسـەڵاتیە بـەڵام سەرباری خیانەتکردنم دەرهـەق بـە پەیوەنـدی ژنو مێردایـەتی، هەسـت دەکەم قیچێ دەردو خەمەکانم بەودەست تێکەڵێـە سـووك دەبـێو وادەزانم بەم شتە تۆڵەی خۆمم لێی کردۆتەوە. تێ دەگەی؟!).

بۆ دلڕاگرتنی قسەکەی، بەسووکە بزەیەکەوە: (تێدەگەم‌و ناهەقت ناگرم کاری لەمە خراپتریش بکەی).

بەتاسووقەوە گوێی بۆ قسەکانم رایەڵ کردبوو کە لەگەڵ دەنگی مۆسیقاکەدا نەرم نەرم خۆی دەلەراندەوە..راست بۆوە، بەزەردەخەنەیەکەوە دەستی چەپی درێژ کرد: (دەی دەستت بخەرە دەستمەوە).

سەرنجێکی بەپەلەم دایێ.. تەکانم دایە بەر خۆو راست بوومەوە، دەستم نایە دەستی وەکو بەراکێشان رامکێشێ، بەرەو ژووری نوستنی بردم.. ئەو گڕەی تێیبەربوو بوو تائەهات بڵێسەی دەسەندو لە پێشبڕکێ دابوو هەرچی زووە دەماری هەوەسەکانی لەباوەشم خاوکاتەوە .. لەپەنجەرە بچووکەکەوە تەماشایەکی کۆڵانە تەنگەبەرەکەم کرد، خەڵك وردە وردە بەرەو ماڵ شۆڕ دەبێتەوە.. دوو دەست لەپشتەوە لەملم ئاڵاو گرانابیەك کەوتە سەر هەردوو قۆڵنجم، گۆی مەمکەکانی لەپشتم گیر کردو بەتوندی رووی پێ سووڕاندم .. لێوی لەلێوم سووی، کۆڵمەکانی پڕ خوێن بووبوون‌و پەنجە نەرم‌و ناسکەکەی بەلێوو مل‌و گەردەنم داهێنا.. گڕی حەزم جۆشی سەند، بێهوش خۆم فڕێدایە سەر سیسمەکەو ئەویش خۆی فڕێدایە سەرم.

شەشی مانگی رەبەق ئەو دزە پەیوەندیەمان ئاڵۆگۆڕ دەکرد تارۆژێکیان بەیانییەکی زوو جابر بەهەفتەیەك پێش وادەی خۆی گەڕایەوە.. بۆ بێبەختی، من‌و سوعاد لەژوورەوە پێکەوە پاڵ کەوتبووین، نازانم چۆن دەرگاکەم لەناوەوە شیش دابوو. کێلۆنەکەی بەتوندی داگرت، دەرگاکە کلۆم درابوو. چەندمستێکی خەواندێ، لەزرمە زرمی دەنگەکە راچڵەکین‌و دڵە کۆتێمان پێ کەوت.. هەرچی منبووم لەپەنجەرەکەوە خۆم تێهەڵدا. ترس هەناوی خستبووم. سوعاد بەتۆی مەکسیەکی توولی تەنکەوە دەرگاکە دەکاتەوەو بە بینینی جابر نوتقی دەگیرێ.. رەنگی زەرد هەڵدەگەڕێ‌و شپرزەو سام لێ نیشتوو، بەچاوی خەواڵووەوە باوەشی

پێدا دەکاو بەزمانێکی پچڕ پچڕەوە: (ئـ.. ئە.. ئەوە تـۆی گیانـە؟! کـەی هاتیەوە؟! بەخێرێییەوە).

جابر لەچاوە شینو کەزیە درێژەکانی رادەمێنێ، وەلێ لەزەردهەڵگەڕانی دەمو چاوی سـوعاد و لـەولاوە کرانـەوەی پەنجـەرەی ژوورەکـە دەکەوێتـە گومانو دڵی هەزارە دەکا.. خەمێکی چڕو خەست ئابلوقـەی دەروونـی دەدا، خۆی شێلو ناکا: (سوعاد، ئەوە وەختە هەڵدەستی؟! بێگومان نانـت نـەخواردوە ..ئـەی ئـەو دەرگایـەت بـۆ لەسـەر خـۆ داخسـتووە کەچـی پەنجەرەکەشت نەگرتوە؟!).

سوعاد رەنگی هەڵدەبزرکێ، گیانی لەلـەش دەفـرێو لێـوی دەکەوێتـە تەتەڵە، پەڕەکانی لـووتی لـەژێر پاڵەپەسـتۆی هەناسـەبڕکێدا لەیـەکبینا دەلەرێتەوە : (بـ.. بە.. بەڵێ وایە.. نووستبووم رەنگە با کردبێتیەوە. نـەء هەر خۆم لەیادمچوو دایخەم). جابر سـەری کەمبایـەخی بـادەداو دەزانـێ ئەوقسانەی پەڕینەوەن بەسەرپردی خۆ دەبازبوون، بۆیە پشتی تێدەکاو بـێ هەستو خوست خۆی دەگۆڕێو دەچێتە دەرەوە.

ئەورۆژە بەرامبەر بەمن خۆی شـێلو ناکـا بـۆ ئـەوەی هەسـت بـەهیچ نەکەمو رۆژی پاشتر دوای نانی بەیانی، بانگی کردم: (هێی مەحموود خۆت ئامادەکە تائەو نەخۆشخانەی پشت ئۆرزی کۆن دەچین).

سامێکی هومایی سەختم لێ نیشت، موچڕکەیەکم بـە لـەش داگـەڕاو لەکەلەموستی پێمەوە دەرچـوو.. تـەوژمی خـوێن هـوروژمی بـۆ هێنـام دەتوت بوومەتـە پەیکـەرێکی بـێ گیـان.. بـەقوڕگی گـیراوەوە : (بـەڵێ گەورەم.. من ئامادەم).

- دەبابڕۆین.

خورپەیەك لەناخم هەستا.. راچڵەکیم، سـەراپا گیـانم کەوتـە لـەرزین، وەکو لا دیوارێ کەوتبێتە سەرسینگم، هەستم کرد خەریکە هەناسەم سوار

دەبێ. . قاچم بە دوامدا نەدەهاتو تاقەتی ئەوەم نەبوو بەپێوە بڕۆم.. لەبەردەمی ژووری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ڕاگرتم: (ئالێرە دەوەستی تابانگی ژوورەوەت دەکەم).

+ بەڵێ گەورەم.

ئەوەی چاوەڕوانم نەدەکرد روویدا.. چارەگێکی نەخایاند بانگی ژوورەوەی کردمو دەرزیەکیان لێدام، دەرزیەك بۆم نەبوو بپرسم ئەو دەرزیە هی چیەو بۆچی بەکاردێ.. من لەو رۆژەوە لەپیاوتی کەوتووم، بۆیە نابێ ئیدی نەکەسم خۆش بوێو نە ژنیش بێنم.. من بۆ لەزەتێکی کورت، هەموو دونیام دۆڕاند، تۆش ئاگات لەخۆتبێ بۆ لەزەتێکی کورت خۆت نەدۆڕێنێ).

***

-٧-



ڕۆژێکیـــــان دەوام بـەرەو کۆتـایی دەچـوو، کـەژاڵ لـەجێوە هەڵسـا، بەئەســـــــــپایی‌و هـەنگاونانێکی هێمنانـە هاتە تەنیشـتم، ڕەنـگ‌و ڕووی شڵەژا بوو.. سـەری پر کاسی هەڵبڕی‌و چـاوی تێـبڕیم.. بەزەردەیەکـەوە ڕووم بەلایـــــــــدا وەرچەرخاند:( هـا کـەژاڵ هیچ بووە؟! لەپێش چـاوم ئاسایی نی) کەژاڵ بەئحم ئحمێ قـوڕگی گـیراوی پاك کردەوەو بە دەنگێکی

نسازەوە: ( م.. مە. . ماوەیەکەهەندێ شت هەنە بەدەست خۆم نییە بیری لێدەکەمەوە، لێتی ناشارمەوە رەنگە دەربڕینێکی ئاوا بۆ بابایەکی وەکو من کەمێ ناخۆشبێ.. چیبکەم ناتوانم لەمە زیاتر بەرگەی شاردنەوەی بگرم، تۆ عەیامێکە دڵو دەروونو مێشکت گەمارۆ داوم، شەوانە دەچمە سەرجێ بنووم،تۆم دێیە بەر دیدە ئەوە بەدەم جیهانی پڕ شادیو کامەرانی پێدەکەنی.. پێدەکەنیو لەبزە شیرینەکانت تاوەختانێکی درەنگ سەرقاڵم دەکا).

تەواوێ حەپەسام.. بەدووسێ وردە کۆکە، هەناسە گیراوەکەم رەواندەوە، دەك زمانم بەبڕینچێ کەپێم وت : (تۆ زۆر شۆخو شەنگو جوانی، خۆ بەتەمانی شووبکەی؟!)

دەتوت دەمێکە لەچاوەڕوانی قسەیەکی وادایە، پەلاماری دەستی دامو رایگوشی:(دەزانی دڵمان یەکە، ئەوەیە دڵ ئاوێنەی دڵە، منیش هەر ئەوبیرم لەلادا گەڵاڵە بوو تاوەکو بپرسم ئەی تۆ تەمای ژنهێنانت نیە؟! منی تاقانە.. باوکم دەوڵەمەندە، واتێنەگەی وشەی بەکارهێنانی دەوڵەمەندی بکەمە هۆکارێ بۆنازکردنو خۆسەپاندن بەسەرت، بەپێچەوانەوە من حەز بەژیانی سادە دەکەمو لەبێ تاقەتی تەنیاو ناڕەحەتی ماڵەوە خۆم دامەزراندووە .. حەوجێم بەپارەو پولو مولکی دونیانیە مەگەر گۆڕینی ئاوو هەواکە نەبێ..جابێمەوە سەر کاکڵی مەبەست لە باسەکە لانەدەین تۆ وتت: زۆر شۆخو شەنگ وجوانی.. دڵنیام ئەو قسەیەت لەناخو کانگای دڵەوە دەربڕیوە لەمەدا بۆم دەرکەوت چۆن من تۆم خۆش دەوێ، ئاوا تۆش منت خۆش دەوێ). خورپەی ترسو سامێکی جەرگبڕ وەك تێسکەی تفەنگ بەهەناومدا رابورد، ویستم قسەکەی لەدەمبقۆزمەوەو پێی بڵێم: (خوشکێ تۆ هەڵەی،هەرگیز من بەم جۆرە بیرم نەکردۆتەوە، دەك سەرا لەئەقڵتدا). رووم بەتەنیشت سوڕاندو

بەنەزاكەتەوە : ( ئـ. .ئـ.. ئا.. ئاخر).

كەژاڵ دەستە نەرمۆڵەكەی بۆ ژێر كلاّوە چنراوەكەی سەری بردو قـژە ئاوریشـمە خاوەكـەی رێكخسـت، دەمگەرمانـە: (ئـاخرو مـاخری نـاوێ ئەگەرپێت وایە بێ جێو ڕێن ، فەرموو ئەوە من خانوی خۆم هەیە، پێـنج شەش ساڵە باوكم بۆی كڕیـوم، خۆشـیەكەی لەوەدایـە گشـت كەلوپـەلو پێداویستییەكانی تێدا ئامـادەكراوە.. ئـەوەش بزانـە تائێسـتا بەدەیـەها گەنجی قۆز قۆز هاتونەتە پێش مێریان پێبكـەم ، مێـردم پـێ نـەكردوون، دیارە لەدەست نیشانكردنی تۆدا ئەوسـیفەتانەی مـن بـەدوای دەگـەڕێم هەست دەكەم لەتۆدا هەیە، ئەوجا نازانم تۆچـی دەڵێـی؟!) قیچـێ سـەرم هەڵكڕاند: (ئاخر بڕیـاردان لـە مەسـەلەیەكی واچارەنووسـاز پێویسـتی بەكاتو بیركردنەوەیە تاوەكو...) دەسـتی نایـە سـەر دەمـمو هەڵیـدایێ: (زۆرت لێناكەم بمهێنی.. جوان بیری لێبكەوە،بـەلاّم لـەیادت نەچـێ مـن دەتوانم بەختەوەر تكەم.. ئەوەشم كەوتەوە یاد، هەڵبەتە لەمـەڕ جیـاوازی چینی عایلی، لێرەوە بەڵێنت پـێ دەدەم چـۆن مـاڵی بـاوكم دەوێ، ئـاوا دایكو باوكو كەسو كاری تۆم بوێت).

- نۆ دەتوانی مۆڵەتی دوو رۆژم بدەیتێ، بتـوانم لـەم رووەوە دوا بڕیـار بدەم، چونكە نامەوێ بڕیـارێكی بەهەڵـە بـدەم دوو رۆژیـتر پەشـیمانی لەدوابێ .

+ لەمنەوە سەرپشكبە نەك دووڕۆژ، حەزدەكەی مۆڵەتی هەفتەیـەكت دەدەمێ.

❊❊❊

گەشتێكی گوندەكـەمانم كـرد.. خزمـەكانم هـەموو رەزو بـاخو كـانی خۆیـان هـەبوو. دانیشـتن لەژێرسـێبەری دارە ناقۆلاّكـان ئیلـهام بەخشـی

بیرکردنەوەی مرۆڤن.. دونیای دەوروبەرم کش‌و مات‌و بێدەنگ ،لەنێو شەوق‌و زەوقێکی پیرۆزدا باسکە مەلەم دەکرد.. زۆر بەئۆگری‌و تاسەوە :
(کەژاڵ بەکەڵك دێ ئەوسیفەتانەی تێدایە .. بەکەڵك نایە ئەو سیفەتانەی تێدایە.. بەکەڵك دێ، بەکەڵك نایە.. ئەو لە خانەوادەیەکی زەنگین‌و من لەبەرەابێکی دەست کورت‌و هەژار، بەینمان عەردو عاسمانە، دواتر کەژاڵ لەبارەی تەمەنەوە تەواوێ گەورەیە.. تەمەن نابێتە بەربەست‌و پاساو.. بەختەوەری مرۆڤ سەرچاوەی هەمووشتێکە.. لەم رۆژگارە ئەو کەسەی دەوڵەمەندبێ، هەزارو یەك حیسابی بۆ دەکەن.. تۆ دەتوانی بەدەوڵەمەندی گەلێ شت لەژیانی خۆت بگۆڕی‌و دەستەبەریان بکەی، تۆبڵێی دەوڵەمەندی هەموو شتێکبێ؟! ئەی چۆن دەرمانی دڵە، حاشا هەڵنەگرە، مژدەبەری بەختەوەریەو دەیهێنم، ئا دەیهێنم هەم خۆم دادەمەزرێم‌و هەم ماڵی باوکم لەو کولەمەرگیەی تێیکەوتوون، ئەوانیش قوتاریان دەبێ.. ئای پوورە نەگریس‌و سەرەڕۆکەم، ئەگەر بەفرینت دەدامێ ، چ ئیشم بەکەژاڵ بوو.. تا ئەورۆژەی شۆڕم دەکەنە ناو قەبرێ، بەفرینەکەم تۆم خۆش دەوێ‌و ناتوانم لەیادتکەم).

ئاسمان لەژوور سەرمەوە ساف‌و بێگەرد خۆی دەنواند.. رۆژی پاشتر بەدەم رێوە گۆرانیم دەچڕی، بەدەم هەنگاونانەوە موچڕکەی خۆشی بەلەشما دەهات‌و رۆحم تێکەڵ بەسەدای گۆرانیە شل‌و شۆقەکەی خۆم بوو بووم کە هاتمەوە: (دایە گیان.. بابە گیان، من‌و کەژاڵ یەکدیمان خۆش دەوێ.. پێش وەختە هەموو بەڵێنێکم لێی وەرگرتووە چۆن سەیری کەس وکاری خۆی دەکا، ئاوا بەهەمان چاو سەیری بنەماڵەو کەس‌و کاری من بکاو پوزم بەسەر لێنەدا.. وابزانم کچێکی رێك‌و پێکەو عەیبی نییە، ئیتر نازانم لەم رووەوە رای ئێوە چییە؟.!)

باوکم بەسەری زمانی لێوە وشکە قەڵیشەکەی تەڕکرد: (کەسی کاکی

من کاتی خۆی بۆهێنانی بەفرین ناقایل بووم، بەڵام بۆ ئەوەیان بەو ماوە کورت وکەم بینینە ناتوانم هیچ بڕیارێ بدەم، کەژاڵ بەرووکەش خۆت واتەنێ عەیبی نیە، بەڵام رووکەش پێوەر نییە ئەگەر لەناوەوە جۆرێکی تر بێ. بەهەرحاڵ ژن بۆ ئێمە نایەو ژنهێنان بەرپرسیاریەتێك مێژووییەو جلو بەرگ و پێڵاو وکاڵایەك نییە بڵێی دەی ئەقڵم نەگرێ دەیگۆڕم ئەوەنا یەکیدی .. قەناعەتی تۆش هەمووشتێکە.. کاتی خۆی پێش ئەوەی دایکت بگوازمەوە پێش وەخت چەند قسەیەکم لەگەڵی بڕاندەوە پێم وت: من وتۆ تا دەمرین ژیانمان بەیەکەوە بەندە، چەند ڕێز لەیەك بگرین، هێشتا کەمە.. لێرەو لەوێ بایی هێندە ئاریشەوکێشە وگرفت دروست دەبێ، پێم باشە ئەگەر تۆ تووڕە بووی، من ئارام بگرم.. ئەگەر من تووڕە بووم تۆ ساردم کەوە.. کێشەی گەر خوشك وبراو دەرو دراوسێ ئەوانە گشتیان چارەسەریان هەیە، بۆ نموونە: دایكو باوکی لێ دەرچێ گەر برایە، خوشکە، دەتوانی قسەی لەگەڵ نەکەی .. گەردراوسێیە، ماڵم لەو گەڕەکە دەگوازمەوە دەچمە کۆڵانو گەڕەکێکی دی.. ناخۆشی بەینی منو تۆ خراپبێ، من بڵێم یەكو تۆ بڵێی دوو. لەجیاتی خەندەو پێکەنین وقسەی خۆش سێ جەمە شەڕمان بێو نانێ بە ئیسراحەت نەخۆین چەندی بەچەندە؟!).

-بابەگیان باوکی کەژاڵ وەك دیاریەکی بچوك خانوویەکی بۆ کڕیوە، بەهەموو پێداویستیەکانی ناوی، عەیب نەبێ تەنیا کۆخەیەکی منی گەڕەکە.

+ دەی کوڕم خێری تێدایە.

لەو قسانەدابووین کەژاڵ بەعەلاگەیەکی پڕلەخۆخو قەیسیەوە پەیدا بوو: ( سەلاموعەلەیکوم). بەیەك دەنگ (بەخێربێ سەرچاوان).

لەبەر هەیوانەکە دانیشتین.. من بێ پەروا رووم تێکردو لغاوی دەمم

ترازاند: ( کەژاڵ. من دوابڕیاری خۆمداو گەڕامەوە.. ماڵەوەش هەموو رازین بەوەی تۆ بێنم بەڵام لێرە شتێ هەیە).

بەزمانێکی هێمن و لەسەرخۆوە: ( شتی وەك چی؟!)

-دوای ئەوەی دایكو باوکم دێنە خوازبێنیتو خوا قەڵەمی لێدا، هەموو شت لەو سەرەوە خۆشە، ئێوە نابێ بارمان قورس کەن بەداواکردنی پارەیەکی وا نەتوانین دابینی بکەین، پاشان دەبێ ماوەیەك لەسەرمان بوەستن تا نەختێ خۆمان خڕدەکەینەوە).

کەژاڵ دەمگەرمانە تێهەڵچوو : (کێشەتان ئەگەر پارەیە، من بەکێشەی نازانم هەر خۆم پارەکەت بۆ دەستەبەر دەکەم، گرنگ ئەوەیە ببینە هاوسەرێکی رێكو پێكو بەوەفاو ژیانێکی بەختەوەر ببەینەسەر).

❊❊❊



-٨-

بەشەش ڕۆژ،جلو بەرگو
سالۆنو هەمووشتەکانمان
بڕاندەوە، کەژاڵم گواستەوە،
بەسەرا دوای چوار مانگ
زگی پەیا کرد.. لەوەوە کتو
پڕگۆڕاو ئەوکەژاڵەی جاران
نەما، دەتوت شەیتان چووەتە
مێشکیو فەرمانی دەداتێ.
تۆ بڵێی لەم قۆناغەهەموو
ژنێ وابن یابەختی منە؟!نا
پەنجەی دەست وەکو یەك
نییە، ڕەنگە ئەمە بۆناو
چەوانەکەی من بگەڕێتەوە..
تووڕەییەکی بێ ئەندازەو
بەزمانێکی تفت و ڕەقی وا

لەگەڵم دەدوا تائەو رۆژەی هێنـام، تـووڕەیی وام لێـی نـەدیبوو.. پێشـتر هەفتەی دووسێ جار بۆ ماڵی باوکم بەگـەرم دەکـەوت، جـار هـەبوو ئـەو تەشقەڵەی پێ دەکردم: (ئارام گیان دەبا بڕۆینە ماڵی باوکـت، غـەریبیان دەکەم)..کاتێ گۆڕا: (بابەکەم پڕ ئیشم.. پێم ناکرێ بۆ خۆت بـڕۆ نایـەم.. نا.. نەخۆشم گشت ئازایبەدەنم ژان دەکا). بەرە بەرە گۆڕا ، تا وایلێهـات دەست بەقسەی هەلەقو بەلەق بکات.. کەبەئەدەبەوە پـێم دەوت: (ئـەرێ گیانە ئەو روکارە تایبەتو جەوهـەرە جیاوازیـە تاکـەی جـوان نیـە مـن بەتەنیا بچمە ماڵی بابم، دەبا بەجووتە سەرێکیان لێدەین؟!).

قسەکەم تەواو نەدەکرد ،شەپۆلێکی تووڕەیی دەخستە سەر ورخسـاری بـێ ئاگـای وگرژومـۆن، بەروومـدا دەتەقیـەوە: ( چـیە دیـارە لـەخۆت راناپەرموێی بەتەنیا بچیە ماڵیان . . مـن چ کـارم بـەماڵی خـەڵکێکی سادەو عەوامو بێ هەواڵی وەك ماڵی باوکـت نیـە تـەواو .. مـن نایـەم، تۆش دەچی ناچی کەیفی خۆتە).

-ئاخرئەوە قسەنیە دەیکەی؟!

+ قسە بێ وقسە نەبێ ئەوهایە.

- باشە پێشتر چ بەڵێنێکت دامـێ؟! هـەر تـۆ نـەبووی دەتـوت مـن بەنانو ئاوت رازیمو چۆن رێز لەماڵی باوکم دەنێم، ئاوا رێزی ماڵی باوکت دەگرم .

+ ئەوە بۆکاتی خـۆی قسـەیەك بـووکرا، بـۆ ئێسـتا بەکـەڵك نایـە، ئێکسپایەر بووە..

-ئەوها؟! ئێستا حاڵی بووم کە لەدەست نیشـانکردنی تۆداهەڵەیـەکی گەورەم کردوە.

+ ناکا ناقایل بی؟!

-زۆریش بەڵام تازە داوم بەدواتەوە بووەو منـاڵم لێـت هەیـە، ناچـارم

شانی بدەمە بەرولەگەڵت بگوزەرێنم.

ئیتر دەبوومە بت و لەورتەوجووڵە دەکـەوتم، هـەربۆ پیـاویش ئەوەنـدە جوان نییە هەمووڕۆژێ دەم بنێتەدەمی ژنو چینەلێدانێکی خۆش لێیـدا.. سەیری کەژاڵ لەوەدا بوو ئەگەر تووڕە بوایە وەکو گا دەیبۆڕانـدو دەنگـی دەگەییە ئەوسەری کۆلان، منـیش لەشـەرمی رووان بـەرد ببزوایـە مـن نەدەبزووتم.. نزیکەی شەش ساڵ بەتاقی تەنیا رێی مـاڵی بـاوکم کوتـاوە لەوێش کاتێ دایکم دەیپرسی: (کوڕم ئەوە چۆنە هەرچی جارێ دێیە ئێـرە کەژاڵت لەگەڵ نییە؟! باشتر نەبووە؟!). درۆم بۆی دەکردو بەسەروزمانێکی شلۆقەوە: ( بڵێم چی دایە، من لەوەتەی کەژاڵم هێناوە بەردەوام نەخۆشە . دکتۆر پێی وتـوە نـابێ زۆر بگـەڕێو زۆریـش خـۆی مانـدوکات) دایکـم گاڵتەی بەقسەکانم دەهات، کەجەستەی لە دیوارەکـە دەکـردەوە و بـەلای چەپدا فڕێی دەدا ، بەسەربادانو دەنگێکی نزمـەوەئاهێکی هەڵدەکێشـاو دەیوت: (وایە .. دەبێ نەخۆشبێ ونەخۆش نابێ بگەڕێ و خۆی ماندوکا).

***

-٩-



تاڵیو کوێرەوەری ئەو ژیانە نەگریسەی ڕۆژنەبوو بەدەست نەڕەو هاتو هاوارو قسە ڕەقەکانی کەژاڵ نەیچێژم.. بیرم دەکردەوە: (چما من ئەوەندە بێ دەسەڵاتو هیچ و پووچم ئەو ژنە بەم جۆرە سەرکۆنەم دەکا؟! پەخشان راستیکرد دەیوت لەخۆڕا نەوتراوە فێرکەران فێرمەکە ئەگەر فێریانت کرد لەبیریان مەکە، تۆ لەئەوەڵەوە واتهێناوە، تازە کەژاڵ بە لێدانو دارکاریو چاوسورکردنەوە چاک نابێ،

زۆرت دەست بەسەرکلکی داهێناو زۆرت ناز هەڵگرت ناهەقی نیە، منیشبم چاوم سوور دەبێ‌و لەوی خراپتر دەکەم.. قسەکانی پەخشان راستە، گەر لەیەکەم رۆژەوە سنورێکم بۆی دادەناو درفەتم نەدەدا ئەوەندە زماندرێژیکا یاهەر نا پێنج شەش جار بۆ ترساندن هەڕشەی دەرکردنم لێی بکردایە ئێستا بوو بووە ماستی مەیوو، کەسێکی دیکەی لێ دەردەچوو. . خوایە گیان ئەمە چ ژیانێکە منی تێدام؟! بۆ دەبێ تروسکاییەکم لەخەنی‌و خۆشی بەدیکرد یەکسەر تاریکی گەمارۆمداو لەناو گێژاوەکەیدا لوولمدا؟! .. زۆر شوکر بەبەشت).

ئازادی کوڕە تاقانەم تەمەنی گەیبە شەش سالی‌و ناردمە بەر خوێندن .. تووڕەیی‌و جنێودانی من‌و کەژاڵ لەولاوە بوەستێ درێژەی هەیە.. بەجۆرێ دەممان لێك سپی بووبۆوە هەستم دەکرد لەپالەوە یەکێ هەیە داری تێ دەژەنێ‌و پەمپی دەدا، ئەو کەسەش کێیە ؟! نەمدەزانی‌و ناشکرا لە چت‌و خۆڕاییی گوللە بەتاریکیەوە بنێم.. زۆرم سەرزەنشت کرد: (کەژاڵ گیان دوای شەش ساڵ شوکر تۆ دایك‌و من باوك‌و منالێکی ژیکەلەی رێك‌و پێکمان هەیە لەهیچمان کەم نیە، حەز دەکەم لاپەڕەیەکی تازە هەڵدەینەوە، لەگەڵیەك باش بین، رێزی یەك بگرین‌و بۆ تاهەتایە تووڕەیی‌و رق‌و قینەو قسەی ناشیرین لەخۆمان بتەکێنین وبزەو خەندە بکەینە سەرمەشقی هەڵسوکەوت‌و رەفتاری ژیانمان). وەلێ دەستم لەبنی کەنووی خالیەوە دەردەچوو ، دەتوت گوێزی بۆ دەژمێرم، تەقەی سەری دەهات، بەدەم خۆ بادانەوە لچێکی هەڵدێنا: (تۆئەو تەرحە پیاوەنی ئامۆژگاری من بکەی.. چی بلێم چی هەرئەوەیەو تەواو، تادەشمرم ناهێلم رۆژێ لەرۆژان قسەی تۆ بەسەر قسەی منا سەرکەوێ).

دەوەرە ئەوکەرە لەو قوڕە دەرکە.. ئەوێ رۆژێ تووڕەییەکەم تاسەر ئێسقان رۆیی، زۆر لێی دەهری بووم، لەشم کەوتە لەرزین، هەر راست

بوومەوە تاگرتم شقازیلەیەکی قایم خەواندیۆ بنا گوێیم تەزاند.. ئەو بەرازە ئێستاش نەمدی دلۆپە فرمێسکێکی لەچاوا بباریێ، چووە ژوورەکەی دیەو بەتەلەفۆنێکی سەرپێیی راپێچی زیندانی کردم.. دەڵێی نوشتەی لێکراوە، بەمە ئەوەندەی دیکە لەپێش چاوم رەش بوو وامدەزانی ئەوە ورچێکەو هاتۆتە گیانم.. شەرم بەجارێ دەمکوتی کردبووم، حەزم نەدەکرد دەرو دراوسێ بە کەینو بەینمان بزانن‌و پێمان خۆشبن، کەچی بێ شووڵ، لەگەڵی دەرنەدەهات.. دوای دەرچوون‌و گەڕانەوەم بەتەوسەوە پێم وت: (ئافرەت بەم چەشنە ژیان ناچێتە سەر.. بەرژەوەندوایەو باشترین چارە ئەوەیە دەست لەیەك بکەینەوە، من لەماڵی خۆم تۆش لەماڵی خۆت، چونکە یەکێکی وەکو من کە سات بەساتی شەوو رۆژ بەسەر دەبەم رێك دەڵێی لەناوجەرگەی دۆزەخدام).

کەمێ لووتی خواردو بێ باکانە تێهەڵچوو: چما من ساویلکەم بە دوو قسەی تاس و لووس‌و فابریقەی تۆ دەسخەڕۆ و ترس دامبگرێ بێمە بەر دەست‌و پێیان‌و لەبەرپێت بپاڕێمەوە دەی توخوا بیکە راهی خوای دەستم دامێنت ئەوەی من کردم تۆ نەیکەی.. نا، خەیاڵت خاوە . . پیاوێ بەپیاو نەچێ تیراوە لەو ژنەداکەیفی پێبێ‌و نەیەوێ لێی جیابێتەوە ..قەت لەبەیانی زووتریش نییە هەریەکمان بەرێی خۆدا دەڕۆین.

- هیچ گلەیت لێ ناکەم، یەکێ هەستی سۆزو بەزەیی بەرامبەر بە خێزان‌و ماڵو منالی نەجوولێ دەبێ چی لێ دەرچێ، یەك لەوانەتۆی دەڵێی نە بات دیوە نەبۆران.

لەقاو قیژەی کت‌و پڕیدا زارەترەك بووم کە پڕ بەگەرووی شیڕاندی: (ئەفەنی دیارە ئێمە گاو گۆلکین.. ها.. چیدی قسەت لەگەڵ ناکەم، بەیانی خۆت دەبینیەوە).

چاوی لێ زەق کردمەوە.. بەهەڵەداوان چووە ژوورەکەی ترو

چوارمەشقی لەسەر سیسەمەکە دانیشت، بەغەزەبەوە دەستی گەیاندە تەلەفۆنەکەو کەوتە قسەکردن لەگەڵ پارێزەرێکی هەڵەوڕی چەنەبازی خزمیان، پارێزەرێ بوو شەیتان لەبەری هەڵدەهات، بۆ پارە رەشی دەکردە سپیو بەپێچەوانەوە.

بۆ بەیانی دوای مشت ومڕێکی زۆری دادگا، بڕیار درا ئازاد بدرێتە کەژاڵ.. کاتێ چاوم دایە کەژاڵو پێم وت: ( ئەی بۆ نەفەقەی؟!) سیمای دەمو چاوی سوور هەڵگەڕاو پارەیەکی وای داواکرد کە خۆم بکوژم، پێم هەڵنەستێ.. چۆن سۆتەکی دوای ئاگر لەبەریەك هەڵدەوەشێتەوە، ئاوام لێهات، لێوم کرۆشت، ددانم دەچیڕەوە بردنو بەناچاری بزەیەکی تاڵم بەسەر داباراند: ( کەژاڵ گیان جوان نیە دوای شەش ساڵ تەمەن بەدەستی خۆمان ئاگر لەخەرمانەی ماڵی خۆمان بەردەین .. فەرموو چ جوابی خەڵکی بدەینەوە.. من پەشیمانم، داوای لێبوردنم هەیە تکایە با ژیانێکی نوێ دەست پێبکەینەوە). دڵی نەرمبوو، لچی لێ هەڵێنامو بەرقەوە: (قەیناکە وائەمجارەش دڵم ساردبۆوە رازییم، بەڵام لەمەولا بزانم چ پیاوێکت لێ دەردەچێ). مانگێك و دوو هەفتە قڕەمان نەما، دووبارە بەزمەکە دەستی پێکردەوە.. هەفتەیەك قسەمان دەکردو بەمانگ قسەمان دەبڕیەوە. . زۆرم کردوکۆشا بزانم چ جنۆکەیێ دەستی لێ وەشاندوە، بێ سوود بوو.. بەیانیەکیان لەخەو هەڵسا بێ ئەوەی پێم وتبێ بەری چاوت برۆیەو لەگوڵ کاڵترم پێی ووتبێ دەتوت وڕێنە دەکات، زمانی تیژی لێکردمە خەنجەرو کردیە فەرتەنەیەك ئەوسەری نەبێتەوە: ( تەواو ،ئیدی من تەحەمولم نەما، ئەوەندەمایە لەپێستی خۆم دەرچمو تەواو .. تۆ هیچ و پیچی، رەزات گرانە شایانی ئەوەنی یەك دەقە چییە بەدیارتەوە دانیشم .. هەموو خەتای قەحبەیی خۆم بوو زۆرم بەدەمەوە کردنو زۆرم بۆکێشانەوە دەك خواتان بەقوربانمکا نان نەبوو بیخۆن، بەپارەو پوولی من

ماڵی بابت راست کردەوە، ئەگینا دەمێبوو لەبرسا مردبوون).

سەرەتا وام نیشاندا خافڵاوم، ئاگام لێی نیە.. لەخەمی دابڕانی ئازاد خۆم دەخیلی کردو بەپاڕانەوە: (کچێ کەژاڵ بەسە بیبڕەوە. توخوا بابەس بێو لەوەندەکۆتایی بێ.. ئەوەش بوو بەکەللە رەقی؟!).

هەر نەهێناو نەیبرد، بەخۆبادانەوە: (من بۆیە خۆم شێت کردوە تاوەکو تەڵاقمدەی. . دەبێ تەڵاقمدەی، بەخۆشی نا بەشەق).

ئای ئەو ژنە چ دەڵێ؟! شێت بەشێتاتی خۆی ئەو قسانە ناکات.. هێندە توورەو بێزەبییانە پەنجەکانم گوشین وەك بمەوێ گوێزێ یاشتێکی زۆر رەق بشکێنمو کوڵی دڵمی پێ داڕێژم.. بە حیرسەوە ددانەکانم لێی قرساند: ( (ئافرەت چاك بزانە هەردوو چاویشت دەربێو پرچی سەریشت سپیکەی تەڵاقت نادەم).

بێ دەنگیەکی تاڵ باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشا، کە درم بەو بێدەنگیەدا: ( ئامادەم ئەگەر سەت هەزار دینارم دەدەیتێ، دەستت لێبکەمەوەو تەڵاقت دەم، دەنە هەڕەشەو گوڕەشەو کوشتنو زیندان نامترسێنێو قەت نایەمە ژێر بارەوە.. وابزانم تێگەیشتی چیم وت؟!).

کەژاڵ بێ چرپەو خامۆش سەری نایە کۆشکی تەنیاییو نەجوڵا، کە شانێکی بێ بایەخی هەڵتەکاند، بەزەلیلیەوە: (باشە من رازیم سەت هەزار دینارت بدەمێ بەڵام دەبێ دوورو نزیك توخنی ئازاد نەکەوێو لەو ماڵە یەك شتیش نەبەیە دەرێ).

خوێن لەجەستەمدا وشك بوو.. دەمم بووبە تەڵەی تەقیو،رەنگم زەرد هەڵگەڕا: (باوابێ). سەت هەزارم لێی وەرگرت وبەفەرمی تەڵاقمدا ئەوجا بەخۆو کراسو پانتۆڵێکەوە وەکو دەرۆزەکەر چوومەوەوە بەر قاپی ماڵی بابم.. ئەو شەوە تابەیانی خەوم نەچووە چاو.. سەرەگێژەم گرت، دنیا بەدەورم دەسوڕاوە، جگەرەم بەجگەرە دادەگیرساند، بێ ئەندازە ئازادم

خۆش دەویست، هێندەی خەمم لەو دەخوارد نیـو هێندەتەڵاقـدانی کـەژاڵ ئازاری نەدەدام... وازم لەدەوام هێنا، بیرۆکەی هەنـدەرانم لەمێشکاچـەقی بەیەکجاری ئەم مەملەکەتە جێ بێڵم.. ڕێو ڕەسمی هەندەرانم بـەو پارەیـە لەگەڵ قاچاغچیەك بڕاندەوە.

چێشتەنگاوێکی درەنگ کە دەبوو ئەو ڕۆژە بەڕێ بکەوتینایە، بەپەلـە خـۆم گەیانـدە لای بەڕێوەبـەری ئـەو قوتابخانـەی ئـازادی لێبـوو، زەردە خەنەیەکی ماندوم بەسەرا گەڕاو نەکەوتەسەر لێوم: ( مامۆسـتای بـەڕێز من باوکی ئازادم ..دایکی نەخۆشەو هاتووم بەدوایدا بیبەمەوە).

ئازادیان هێنا، لەجێوە هـەڵمگرت.. ماچـێکی باوکانـەم لەروومـەتی کردو بردم، هەر ئەو ڕۆژە ڕێـی هـاتو نـەهاتم گرتەبـەر.. دوای بیسـتو شـەش ڕۆژ گەیشـتمە بـەڕیتانیا .. پـاش مانگێـكو سـێ ڕۆژ ئیقامـەم وەرگرت. . چەند جارێ فاکسم بۆ ماڵەوەکردو پـارەم بـۆ حەواڵـە کـردن.. پەخشان لەیەك لەو فاکسانەی بۆی ناردم نووسیووی: **(براکەم ئـارام گیـان، کەژاڵ وەکو لێـی دەگێڕنـەوە دوای بردنـی ئـازاد شـێتو هـاربووە، ڕۆژ نییە یەخەمان نەگرێو گێچەڵمان پێ نەکات، دێتە سەرمان هەڕەشـەی کوشـتنو گرتنمـان دەکاو ئـەم بەیانیـە بـاوکمی بەگرتـدا.. هەزارویـەك گـوو دەخـوا تـەنیا تـۆ منالەکـەی بـۆ بگەڕێنیـەوە هیچـی لێـت نـاوێو زۆریش پەشیمانە .. ماڵەوەمان سڵاو ورێزیان هەیەو دایکم شـەوو ڕۆژ بۆت دەگریێ دەڵێ ئەو کوڕەم قەت نەبـەختی لـەژن بـوو، نەبەخۆشـی ژیا).**

مانگێكو شانزە ڕۆژ بەسەر ئەو فاکسـە رابـورد، فاکسـێکی دیکـەی ناردەوە: **(براگیان کـەژال لەهـەموو ئـەو ماوانـە نـەخۆش دەکـەوێ، سـێ ڕۆژ بەر لە ئـەمڕۆ بـەهۆی پیسی دەردەکـەی گیـانی لەدەسـت دا)** بـەم هەواڵە بوومەپەیکەرێکی بێگیان، هەناسەیەکی پڕ کینەم هەڵکێشاو دامە


پرمـەی گریـان، دەتـوت بوومەتـە چـۆلەگەیەکی تـەڕبووی نێـو ئـاو، هەڵدەلەرزیم.. هێندە گریام تاچاوەکانم خوێنیان تێـزا: (ئـاخ کەژاڵەکـەم، تەمەنای مردنم نەدەکردی.. چیت لەخۆت کردومنت بەچ دەردێ برد ؟!).

ئەو شەوە وەك منالێ لەبار چوون ناخۆشو قورس بوو، تابـەیانی لـەناو جێگەکەما گێنگڵم دەداو دەتلامەوە.

دوای ئەوەی گەڕامەوە، بەری هەر شوێنێ سەردانی گۆڕەکەیم کرد .. دەمێ دوان بەدیار کێڵەکەی هەڵتروشکانم . هێشتا بیرەوەریە تـاڵو تفـتو خۆشەکان خۆیان داوێشتە ئامێزی هەست وختوکەی رۆحیان دەدام .. کاتێ یادگارە خۆشەکانی کەژاڵم بیر دەکەوتەوە بەدەم ئەو یادگاریانە پێدەکـەنیم بەتایبەت ئەو ئانو ساتانەی بەسۆزو ئەشقەوە منی دەگرتە باوەشو پەنجە نەرمەکانی دێنایە سەر قژم.. تاوێ دوانیش لەمەرگەساتو کولەمـەرگیو ناخۆشـیەکانی ئـەو تەمەنـە دورودرێـژەدا، دەنگێـك لـەقوڵایی گۆشـە تاریکەکانی مێشکم دەزرنگانەوە، فرمێسك هۆن هۆن لەچاوانم دادەباریو دەگریام.

***

-١٠-



بەماتو مەلوولیو
شێواویەوە پێمنایە
سەیارەکەو کەوتمە ڕێو
چۆن یەکێ مەستو
سەرخۆشبێو ئاگای
لەحەشتەبای خوا نەبێ،
هێشتا فرمێسك لەچاوانمدا
فوارەی بەستبوو بەری
بینایم لێڵو تەمو مژاویو
لەبەر دەم ئەو ڕۆیشتنەی
پێم هەڵێنا، خۆشم
نەمدەزانی بۆ کوێ دەڕۆم
و بۆ بەو خێراییە؟! تا
لەگرمە گرمو تاقو تریقو
بومەلەرزەیەك ئاسا

نەمزانی نەخەڵك خۆی پیا کێشام یا من لە خەڵکیم داوە.. کاتێ لەتاو ئێش‌و ژانی بەدەنم بەئاگا هاتم، خۆم لەسەر یەك لەقاوشەکانی نەخۆشخانەی کۆماری دییەوە، لەسەر چەرپایەکیان درێژکردبووم.. ئەوە چیە؟! بۆ لێرەم؟! کێ منی گەیاندۆتە ئێرە؟!.

دوو هەفتەیان خەواندم، نەختێ بەرەو باشی چووم، دەرفەتی دەرکردنیان دامێ بگەڕێمەوە .. ئەوەی منی ناسیبێ هاتە سەردانیم ..چێشتەنگاوێکی درەنگ، بەفرین بەخۆوە دەسکەگوڵێکەوە بەژوورکەوت‌و بەبینینی من فرمێسکی لەچاوا هاتە خوار... منیش بەدیتنی ئەو وامدەزانی ئەوە گوڵێکی گەشەو بەدەم سروە دەلەرێتەوە .. زامی کۆنم قەتماغەی بەست‌و برینم هاتە سوێ‌و بیرەوەری شەش ساڵی تەمەنم کەوتەوە یاد.. ئاهێکی قووڵم هەڵکێشاو لەبەر خۆمەوە پرمیم: (ئای قەدەر چۆن من‌و ئەو نازدارەت نەگەیاندە یەك تاوەکو ئەوشووی بەنەهرۆ کردو منیش لەو بەینە تووشی ئەو دەردو ئافاتە زۆرە هاتم‌و سەرەنجامیش پەراگەندەی وڵاتی غەریبی کردم).

بەفرین لە دەموچوێکی گۆشتن‌و ناوقەدباریك بوو، بەرووپەکی گەش‌و کراوە: (ئارام گیان خوا ئاگادارە دوێنێ بەوهەواڵەی تۆم زانیوە.. کاتێ خەبەریان دامێ ئێوارە بوو،کات بە بەریەوە نەمابوو وەئەگینا دەهاتم.. ئەمشەو تابەیانی لەبیرمابووی، بۆ دەقە چیە لێم جیا نەدەبویەوە، بەڕاستی بەم وەزعەت نیگەرانم ).

بەڕاشکاویەوە: ( ئەزیەتت کێشا بەفرین خان، داوای لێبوردن دەکەم..ئێی توخوا چۆنی؟! ئەحواڵت؟! باوەڕم پێبکە تۆش هەمیشە لەیادمی.. ئێی کاکە نەهرۆی هاوسەرت چۆنە؟! ئەحواڵی لەچیە؟!)

چاوێکی مەست‌و خەواڵوی دامێ: ( ئەوسندان کوشتیە بەهەموو شت دەچوو، بەس بەشەر نەبوو).

زۆر بەشێنەیی: ( دەنە پوورم فەهاو لای دایکم مەدحی ئەو، مەدحی نەهرۆ بوو.. ناکا لەگەڵت خراپبێ؟!)

ئاهێکی قووڵی پڕ بەسیەکانی هەڵکێشا: ( هەر ئەو مەدحە بوو قوڕی کرد بەسەرما، دەنە فەرموو من بەتەمای کێ بوومو دامیە کێ؟!).

نەمتوانی بیرو هۆشم لەو خاڵەدا کۆبکەمەوە: (دەی سونەتی ژیان وایە لەناو خێزان وێڕای خۆشیەکان، ناخۆشیش روودەداو دەمەقاڵێش دروست دەبێو هەندێ جار کار دەگاتە ئەوەی ئافرەت دەربکرێو رەوانەی ماڵی باوکی بکرێتەوە).

بزەیەکی دەستکردی نایە سەر لێو : ( هێشتا ماویەتی کاولیکات .. نەهرۆ نەزۆك دەرچوو، دوای هاتوچۆی هەدووکمان بۆ لای ئەم دکتۆرو ئەودکتۆر دەرکەوت ئەو نەزۆکەو منیش بێ خەوشم.. پیاوی من بەناوە خۆی بەرۆشنبیرو زاناو تێگەیشتوو دەزانی ئەوجا لێم کەوتبووە تەقەو هەنجەتی پرو پووچی پێ دەگرتم دەیوت ئەسڵەن من باوەڕم بەدکتۆر نیە.. درۆ دەکەن، ئەوانە ئیشو کاریان تەنها بۆ پارەوەرگرتنەو هیچی تر، دایکە هارو هاجەکەشی لەو لاوە بوەستێ، رۆژ نەبوونانم لێ تاڵ نەکاو تەشقەڵەم پێ نەفرۆشێ، دەیوت تۆ بەئاخیریشی بێ بەکوڕی منەوە نانوسێیو نابیە ژنی.. کوڕی من کوڕ بێ چۆن داریێ خزمەت دەکا بەری نەبێ، زۆرجار قڕوکپم لێ دەکرد، کەوایەری مێشکیشم شۆرتی بکردایە پێی هەڵدەشاخام وبە توریییەوە بەسەرم دەنەڕاند: هەی بێ دین، کەمێ سەر هەڵبڕەو خوابیینە.. بەبیلا سووچی من نیە، من چیبکەم کوڕەکەت نەزۆکبێ نەزۆك.. خەسووم دەستی توند بەسینگیا دەکێشاو دەسڵەمیەوە : وەڵا بەس ئەو تۆمەتەمان کەم بوو..مادام وات لێکرد مەحاڵەو قەت نابێ کوڕی من وەجاغ کوێر دەرچێ، من ژنبمو دەرۆزەی چینم بۆی کردبێ هەر دەبێ ژنێکی دی بۆ بێنم،بۆشی دێنم.. جا کاکە ئارام سەرت نەیەشێنم

دوای شەش ساڵی پڕ مشەقەو دەردەسەری، دواجار نەهرۆ ژنی بەسەرداهێنام، من بەوەش رازیبووم کەچی دایکە تیترواسکەکەی بەوە نەوەستا هێندەی گاڵدا نەهرۆ بەهەموو ئەقڵێکیەوە هاتە لامو پێی وتم تۆ وەك کوندەبەبۆ ژنێکی بەیدوومی، چۆن کوندەبەبۆ لەسەر داری هەر ماڵێ بنیشێ ئەوماڵە کاول دەکاو خێرو بەرکەتی ئەو ماڵە هەڵدەگرێ، تۆش تا لێرە بی کەشکمان فەریکەو تێهەڵنایێ، دەبێ ئێرە چۆڵکەی .. رێك سێ تەڵاقەی لەمستمنا، دەك گوو بەریشی بابو ئەژدادی).

چاوی پڕ مانام دایێ: (جێی داخە دەردەسەری منیش شتێ لەبەر دەردەسەریەکانی تۆوەیە، دیارە قسمەتەکە دەبو وابێ.. بەفرین گیان تۆ پێش ئەوەی مێردکەی، من شەش ساڵی رەبەق بۆت سوتابووم، زۆرم هەوڵدا رازی دڵمت لەبەردەم بکەمەوە، شەرم گەورەترین کۆسپ بوو کە نەتوانم هیچ بکەم، کاتێ هەواڵی تۆیان پێدام شووت کردووە، لەخەفەتا سێ شەوو سێ رۆژ نانم نەچوە سەرزار).

بەفرین قوڵپی گریانی لەدەم دەرپەڕیو کەوتە فرمێسك رشتن: (دە باوەڕم پێبکە دایکم بەزۆر منی دایە نەهرۆ، منیش هەمان هەستم بەرامبەرت هەبوو، زۆرم خۆش دەویستی، ئێ خۆ وەکو کچێ شەرمدەکرد ئەو رازە بدرکێنمو چاوەڕێی تۆبووم پێم بڵێی خۆشتم دەوێ تامنیش لەناخەوە خۆشەویستی خۆمت بۆ دەربڕم، ئیدی چارەنووس وایکرد هەریەکەمان بەلایەکدا بڕۆین).

بەکەیفسازیەوە زمانم گەڕاند: (بەفرین گیان دڵمان یەکە، من وەختی خۆی سوێندێکم خوارد بووم کە تۆ بۆشم نەبی، دوای شووکردنیشت ببیتە خاوەن برێ مناڵ، هەمیشە بەیادی جاری جاران خۆشتم بوێ.. ئێی کەژاڵم هێنا سوکناییەك بوو بۆ دڵو رۆح چونکە نەختێ شێوەی دەهاتە سەر شێوەی تۆ.. بەهەرحاڵ ئەگەر ئەمجارە بێمە پێش، ئایا پوورم رازی دەبێ؟!

).

بەفرین لەخۆشیا دەمی بەشبۆوە: (دایکم لەسەرینی نەهرۆوە خۆی بەچاوەژێر دەزانێ.. گەر یەکەمجار بڕیاری منی لەدەست بێ، بۆئەمجارە من ئازادم بۆهەر بڕیارێ بیدەم، لێرەوە پێت دەڵێم من بەهەمەموو شتێکی تۆ رازیم).

دایکم هاتە ژوورەوە، چاوێکم لەبەفرین داگرت: ( دەی ئەمشەو هەر دەرفەت رەخسا تەلەفۆنت بۆ دەکەم، ئەرێ تەلەفۆنتان هەیە).

+ بێگومان.

ژمارە تەلەفۆنی خۆی دامێ.. تەکانی دایە بەرخۆو راست بۆوە: (ئارام گیان ئیشەڵڵا چاك دەبیەوە،منیش دەبێ بچمەوە، دەرگای ماڵێم لەسەر پشت بەجێ هێشتووە..دەی بەدوعا).

گیانم کەوتە هەلەکە سەما: ( وەکیلی سەلامبەو ئاگات لەخۆتبێ).

+ خواحافیز.

- خوات لەگەڵ

***

بانگی شێوانیدا، بەتەلەفۆن پەیوەندیم پێوەکرد: (ئەلۆ).

+ ئارام گیان چۆنی؟! چاکی؟! فەرموو.

-سوپاست دەکەم ساحێب فەرمووبی.. بەفرینەکەم؟!

+ گیان

- من هەر دوو هەفتەم لێرە ماوە دەبێ بگەڕێمەوە بەریتانیا، پێم خۆشە لەو بەینە بێمە خوازبێنیتو هەر لەو بەینە بتگوازمەوە، جا نازانم ئەو هەموو ئیشە بەجارێ رایی دەبێ، رێك دەکەوێ یان نا؟!

+ من ئێوارە هەموو شتم لەگەڵ دایکم بڕاندۆتەوە، باسی تۆم لای کرد

دیارە نکۆڵی نیە بۆیە کەی دێیە پێش،خزمەتتان دەکەین.

- زۆر چاکە، ئەگەر بەیانی نێین،بێ شك دووسبەی لەسلێمانین، باشە دڵەکەم.

+ بەساقەی دڵتبم.

- حەزم دەکرد زیاتر قسەم لەگەڵت بکردایە بەڵام وا پەخشان ئیشارەتم دەداتێ میوانێکی زۆرمان هاتووە، بۆیە دەبێ ببووری.

+ نا.. بووراوی، خوا دەست بەباڵتەوە بگرێ وبێ وەیبی.

-بەخێرچی.

***

بەیانی رۆژی پاشتر چوومە خوازبێنیو لەماوەیەکی زۆر کورت گواستمەوە.. شەڕی کاولکاری ناوخۆ بووبووە بەربەست لەبەردەم هاتوچۆکردنمدا، بۆیە ساڵی جارێ دوو جار دەهاتمەوە.. ئەوەندەی دەشگەڕامەوە دایکم و پەخشانی خوشکم زۆر دەهاتنە بن کلێشەمەوە: (ئارامە دەبزانە قەت شتێ پەیا ناکەی؟!).

-ئێ رەحمەتتان لێبێ، ئاخر منالْ پەیاکردن چ پەیوەندی بەمرۆڤەوەیە ئەگەر خوانەیدا؟!.

پەخشان بەتالووکەوە: (ئێمە ترسمان لەتۆ نییە بەقەد ئەوەی لەبەفرین دەترسین، چونکە بە گوێرەی ئەو تەڵاقدانە رەنگە نەزۆکبێ گەر واشبێ پێویستە مشوورێ لەژیانت بخۆی).

شەوێکیان بەشێنەیی رووم کردە بەفرین: (گیانەکەم، من حەزم لەمناڵ نیە، هیچ ناکرێ وەکو دروشمێ عەزابی خەڵکی لەعەزابی قەبری خراپترە، پێم خۆشە ئەو هەنجەتە ببڕین گەر مناڵێکمان هەبێ وابزانم سەرو زیادە).

بەفرین خۆی لە گوورە نەبرد: ( جاقەی چیەکە.. من لەتۆ زیاتر حەز

دەکەم).

ئەوەندەی نەخایاند بەسەرا بەفرین زگی پـەیا کـرد.. منالێکمـان بـوو ناومان نا (هێما) وەکو هێمایـەك بـۆ خۆشەویسـتی هەریەکـەمان کـەمن شەش سالی رەبەق بێ ئاگا ئەوم خۆش دەویستو ئەویش بێ ئاگا خۆشی دەویستم... دواجار ئەنوەری هاورێم ئاگەدار کـردەوە کـەدوای وەرگرتنـی ئیقامەی بەفرینو هێما لەگەڕانەوە ئەوانیش دێنمو بەیەکـەوە لـەتورکیا گەشتەکە دەکەین.

ئەفسووس ئەنوەر لەچـاوەڕوانی پـڕ شـەکەتو مانـدوێتی دەوەسـتێ، کاتێ بەپەستو نیگەرانیو کزۆڵێەوە دەمبینێ ئەوە هێـدی هێـدی جانتـا بەدەستو هەنگاوی سستو لەسەرخۆ دەنێمو ئازای بەدەنم لەبێ تاقەتیـدا خاو بۆتەوەو شالاوی نائومێدیەکی تاڵ بڕسـتی لەبـەر بڕیـوم.. گەیشـتمە لای، چ جای چاك و چۆنی، بەرەو جـەنجالی حەشـاماتەکە شـۆڕبوینەوە.. ژاوە ژاو گشـت کـونو کەلەبـەرێکی ئـەو نـاوەی تـەنیوە، بەهێواشـی سەرکەوتینە ناو ئەو فرۆکەی پێش وەختە بلیتمان بۆی بڕیبوو، بەتەنیشـت یەکەوە دانیشتین.

ئەنوەر بەڕاڕاییەوە دەستی خستە سەرشانمو تیلەی بـەلادا سـووڕاندم.. چـاوەمۆلەق وەسـتاوەکانی رەق هـەلاتن: ( مـن بـێ پـەروا تارمـایی ترسوسەرسـوڕمان بەدواکـەوتنت لەچـاوانتدابەدی دەکـەم.. ختـورەم بـۆ هەزارو یەك شت دەچێو نازانم لە کوێ سەرچاوەیان پێ بگـرم.. دەی بلـێ بزانم قەول نەبوو لەگەڵ خۆتدا بەفرینو هێمـا بێنـی، بۆچـی نـەتهێناون؟! هیچ بووە؟!).

کـەقۆلی راسـتەی گوشـیم، بەگالتـە ئـامێزەوە درێـژەی بـەپاشماوەی قسەکانیدا: (دەترسم بەفرین مردبێ ..نا.. هەبێو نـەبێ شـوویەکی تـری کردۆتەوە).

چاوەکانم هەڵگلۆفت، سەرم بەلادا راوەشاندو، بەدەنگێکی لەزرۆکەوە لێکدا لێکدا وەك یەکێ زارەترەك بووبێ، بەدەنگێکی کرخنی پچڕ پچڕەوە: ( ئەنوەر گیان ئەوەی چاوەڕوانم نەدەکرد، روویدا.. لە بەینی خۆمان دەرنەچێ، قەرار بوو ئەوجارە بەفرینو هێما لەگەڵ خۆمدا بێنمو بەیەکجاری لەبەڕیتانیا لەنگەر بگرین).

نەختێ پشووم سوار بوو.. هەناسەیەکی تازەم دایە بەر خۆو تێهەڵچوومەوە: (کەچی بەداخەوە پەسر پێرێ سەردانی دوا خاڵی گومرکی ئیبراهیم خەلیلم کرد، مامەڵەی چوونەوەم جێبەجێ کردو رێو رێ بەرەو ماڵ هاتمەوە.. لەدووری شەش حەوت کیلۆمەتر پێش ئەوەی بگەمە هەولێر، ئافرەتێکی بەژن درێژ بەتاقی تەنێو دوور لەئاوەدانی لەتەنیشت جادە سەرەکیەکە وەستابوو، دەستی لێ هەڵبڕیم.. سەیارەکەم بۆی راگرت، ئافرەتەکە عەبایەکی رەنگ رەشی حەریری کاڵی لەخۆ پێچابوو، بەنازو مەکرەوە دەستی گەیاندە قاپیەکەی پشتەوەو سوار بوو.. عەباکەی سەری داکەند، مەکسیەکی گوڵ هەناری سووری لەبەرا بوو، ئەو فۆتە سپیەی لەقژە زەردباوەکەی لوولدابوو، کردیەوە، قژە ئاڵتونەکەی وەك کلانەی ئاوریشم لەسەر تەختی ئاڵی ناوچەوانی تەختو جوان وەکو گوڵکلانەی کردبوو،بەبزەیەکی سازگارەوە: ( ئەزیەت نەبێ تا بازاڕی شار دەچم).

-باشە بەخێربێی.

ئافرەتەکە تابلێی جوانو شۆخو شەنگ ولەش پڕ، لووتێکی قنجو باریك ،دەمو لێوێکی تەنك، دوو چاوی گەشی چەشنی دوو مۆروی ئەڵماسی هەبوو، بەدەم رێوە لەئاوێنەکەوە تاونا تاوێ تیلەیەکم دەدایێ، ئەویش بزەی لێوە سوورەکەی بۆ دەناردم. کتو پڕ بە دەنگە هەست بزوێنەکەی:( ئا زەحمەت نەبێ گەر قیچێ لەسەرم بوەستی لەبیرم چوو

کلیلی ماڵەوەم پێیەو پیاوەکە لەم بنکەیە پۆلیسە، بە ئەزیەتی نەزانی هەر ئێستا بەخێرایی کلیلەکەی دەدەمە دەستو دێمەوە، دەترسم نەوەك ئەو پێشی من بچێتەوە ماڵ، هەر ئێستە دێمەوە، ئەوەندە گیرنابم و ناوەستم.. زۆر مەمنوونم). نیگایەکی چاوەگەشەکەیمدا، سەری ڕەزامەندیم بۆی لەقاند: (جاقەیدی چیەکە فەرموو، من چاوەڕێت دەکەم بەڵام توخوا زۆر دوامەکەوە). بەهیواشی دابەزیو بەرەو بنکەکە ڕۆیی.. منیش لەجێوە کاسیتێکی مەرزیەم لێدا، بروسکەی ئەندێشەیەکی بەرفرە سەرنجی ڕاکێشام، وەکو کارەبا بەمێشکما گوزەر بکا: (ئای لەو کارمامزە ناسكو نازدارو ئاغرە، پیاوژنی وای هەبێ مانای پیربوون نازانێ چیە، تەمەشا تەمەشا ئارام ئەو قسە قۆڕانە چیە دەیکەی؟!ئێ خۆ تۆ بەبەفرین شادو بەختەوەری). کەلکەلەی بیرکردنەوەم لەدەنگی تەقەی جامی تەنیشتم پچڕا،سەرم هەڵبڕی، پۆلیسێکی مرچ ومۆن، ئیشارەی دامێ: ( زەلام، هێی وەرە خوارێ). پۆلیسەکە کەتەیەکی تەنگ ئەستوور، سمێڵێکی فشو لچو لێوێکی شۆڕو ددانەکانی سەدەف بوون. بەهێواشی جامەکەم داداوە: ( هابرا، فەرموو). بەناڕەحەتیەوە: ( برای چیو تەڕەماشی چی.. پێشمکەوە ئیشمان پێتە).

شڵەژام.. ترسو گومان بەرزەفتی کردمو خورپەیەکی دڵپڕوێن ناخی هەژاندم.. لەدەروونەوە بەخۆمم وت: (یاحەفیز.. دەبێ چی بووبێ؟! چیان لێم بوێ، دیارە شتێ قەوماوە دەنە ئەو ورگ زلە ئاوا بێ ئەدەبانە لەگەڵم نەدەدوا). لەژووری لێکۆڵینەوە وەك تەماشا دەکەم.. ئەوە ئەو ئافرەتەی هەڵمگرتبوو قیتو قۆزو خانم لەسەر کورسیەك دانیشتوەو چاوەگەشەکانی بەملاو بەولای ژوورەکە دەگێڕێ، بەحەپەساویەوە پرسیم: (قوربان خێرە بەدواتان ناردووم؟!).

ئەفسەرەکە مەردمێکی لەڕو لاوازی نەختێ کۆم، چاو ئاولاویەکی

رومەت قوپاوی چەناگە درێژ بوو، سەرەتا نیگایەکی وشکو برینگـی پـڕ لـەرقو کینـەی دامـیو پاشـان نەڕانـدی : (ئەفەنـدی، نـاوت چـیەو چ کارەی؟!).

بەزمانی تەڕو پاراوەوە: ( خێـرە ئـەو پرسـیارە دەکـەی؟!) بەدەسـتی هەڕەشەوە بەسەری گووراندم: ( کوا خێرماوە .. وەرە پێم بڵێ بـزانم چـۆن ئـەو تەعدایـەت لـەو ژنـە کـرد؟!). بێدەنگیـەکی قـورس بـاڵی بەسـەر ژوزورەکەدا کێشا.. لەجێوە تاسام، بەرکەوە سـەیرێکی ئافرەتەکـەم کـردو سەری مەراقو داخو خەفەتم لێی بادا، هەردووچاوم بڕیـە زەویو ئـاخێکی توندم لەهەناوەوە دەرپەڕی: (ئاااخ گو بەخۆمو پیاوەتیم .. راستیان وتـوە پیـاوەتی سـەربەخۆ سـەری سـاحێبی دەخـوا). بـەوردیو سەرسـامیەوە زەردەخەنەیەکی تیکەڵ بەزەلیلی گرتمی، غـەمگین و دامـاو، بـەزمانێکی شلو شۆقەوە: (گ.. گە.. گـەورەم، مـن دوای سـاڵێك و شـەش مـانگ دووسێ هەفتەیە لە بەریتانیا گەراومەتەوە .. باوەڕ ناکەم لەژیانی خۆمـا چاوم بەچاوی ئەو ژنە کەوتبێ، نەدەیناسم، نەئەویش دەمناسـێ، لەسـەرە رێ دەستی لێ راگرتم، منیش وتم دەبا لەراهی خـوای سـواریکەم، ئـەوە بوو هەڵمگرت کەچی لەدرۆیەکی شـاخدارپێی وتم گوایـە پیاوەکـەی لێـرە دەوام دەکاو دەیەوێ بەخێرایی کیلیلیماڵەوەی بداتێو منیش بیگەیەنمـە بازاڕ).

ئافرەتەکە تەقەڵایدا بەر بەرەکانێمکا، سەرنجەکانی لەقسەکانی بەقینتر بـوون، بەچـاوێکی حیزانـە، خـۆی سـوورکردەوە: (هـەی بـێ دینـی لەخوانەترس..خۆت لەگێلی مەدە... سێ مانگ پێش ئەمڕۆ تـۆ نـەبووی لەگەڵت سوار بووم بمبەیە ماڵ، کەچی کاتێ بـە خـۆمم زانـی تـا هێـزت تیابوو پێت بە بەنزینەوە ناو لەجادەقیرەکە بەرەو چـۆلەوانیەکەت بـردم .. چەندی قیژاندم کەس بە دەنگمەوە نەهات، دواجار ئابروت تکاندمو ئەوجا

بەتەنیا لەو چۆلەوانیە بەڕەڵات کردم هەر خوارەحمی کرد شەوم بەسەردا نەهات دەنە لەو چۆڵەوانیە دەبوومە پارویەکی چەوری دڕندان).

دڵە لەرزەم پێ کەوت.. رەنگ و رووم وەکو پەلکەپیاز سپی هەڵگەڕا.. رەنگێکم هێناو برد: (قوربان درۆ دەکا ئەگەر بەدفەساڵ نەبێ لێی بکۆڵنەوە بزانن کێ ئەوکەتنەی پێکردیە، ئەوجا دەیەوێ لەخت‌و خۆڕایی خۆی لەسەر من ساغکاتەوە).

ئەفسەرەکە بەلێزانی دەستی گەیاندە قەڵەمەکەی بەردەمی‌و دەستی بەزەنگەکەوەنا.

پۆلیسە ورگ زلەکە بەژوورکەوت: ( بەڵێ گەورەم).

+ هەرئێستا ئەم دوانە دەبەنە ئەو نەخۆشخانەی سەرەوە.

ئێمەیان بردە ئەوێ‌و گەلێ ئەم ژوورو ئەو ژووریان پێکردین، دوا شت بەرپرسی نەخۆشخانە کەلاوێکی گەنج بوو دوور لە ورگنی‌و قەڵەوی، دووچاوو بڕۆو سمێلێکی رەشی چڕی قەترانی هەبوو، بەدیقەتەوە سەیری ئەنجامی پشکنینەکەی کردو رووی تێکردم: (ناوت بەخێر؟!).

بەکزۆلیەوە: (ئارام عومەر).

+ ژنت هێناوە؟!

- بەڵێ.

+بێگومان منالێشت نیە؟!

- نەخێر دوو منالی چاوگەشم هەیە (هێما) و (ئازاد)یان ناوە.

+ نا، تۆ نابێ منالت هەبێ. . بەپێی ئەم راپۆرتە تۆ نەزۆکی‌و مەحاڵە منالت لێ ببێ.

دەمم بەسترا : (چی ی ی ی ی ؟!).

لەناخەوە وروژام، لەوادەی سەرهەلبڕین‌و چاونوقاندا خەمێکی خەست بەری دڵی گرتم، لچم شۆڕ بۆوە، هەناسەم سوارو بەتوڕەییەکی قێزەونەوە:

(نا. ئەو ئەنجامە راست نیە.. ، من منالّم هەیەو قەت مومکین نیە نەزۆکبم، ئەگەر وایە ئەو منالاّنەی من لە کوێوە هاتووە؟! پێم نالێی منالّ لەخۆوە دروست دەبێ؟!).

+ تۆ توشی هیچ کارەساتێ نەبویتی؟!

-جگە لەکارەساتێکی پێکدادانی ئۆتۆمبێل ئەویش شەش سالّ پێش ئەمڕۆ روویدا، لەوە بترازێ تەنانەت هەستم نەکردووە نەخۆشیشبم.

+ ئێ دەهەر ئەوکارەساتەیە دووچاری نەزۆکی کردووی.

پزیشکەکە دوای ئەوەی مۆری خۆی لەسەر راپۆرتەکەدا، دایەوە دەست پۆلیسەکە: (فەرموو بەخێرچن).

هەستم کرد لاشەم سستەو توانای رۆیشتنم نەماوە .. کاتێ ئەفسەرەکە دێڕ بەدێڕی راپۆرتەکەی خوێندەوە ، بەبزەیەکەوە : ( کاکە ئارام دەبێ لەو بێنەو بەردەمان ببوری، ئێستا ئازادی بڕۆی.. سەبارەت بەو ئافرەتەش ئێمە درێژە بەلێکۆڵینەوەی خۆمان دەدەین).

بەخەفەتبارییەکی تێکەڵ بەزەلیلی ئەوێم جێ هێشت، خەیالّم بەرەو جیهانێکی نادیار هەلّفڕی: (ئەوە چیبوو تووشم هات؟! .. نا.. قەت باوەڕ ناکەم ئەوە من بووبم.. تۆ بلّێی هێما کچم نەبێ؟! ئەی کچی کێیە خوانەکە تۆبلّێی بیژیبێ وبەفرین ناپاکی دەرهەق کردبم.. قەت ناچێتە ئەقلّم ، واچاکە خۆم نیشانی دکتۆرێکی پسپۆڕ بدەم، یەکسەر بەرەو شەقامی پزیشکان شۆڕبوومەوە، ئەو عیادەی بۆی دەچووم ، پێش من دوو نەفەر بلیتیان بڕیبوو،سەرم گرت تانۆرەی چوونە ژوورەوەم هات.. پشکنینێکی وردمی بۆ کردو بۆ ئاکامی کۆتایی پشکنینەکە، ما لە هۆڵی پێشوازی بوەستم.. سکرتێرەکە بەدەنگێکی زیقەوە بانگی کردم: (ئارام عومەر) .

- بەلّێ.

هەڵسامە سەر پێو هەنگاومنا.. ترس ئارەقەیەکی زۆری پێ ڕشتم، بەدەستی لەرزەوە ڕاپۆرتەکەم لەدەست وەرگرتو بردمە لای دکتۆرەکە ..هێشتا لەرێڕەوە تاریكو نوتەكو ڕووناکی خەونو بیرەوەریەکان گوزەرم دەکرد، بەسەر بادانەوە: (کاکە ئارام بەداخەوە تۆ نەزۆکیو منالّت لێ نابێ).

خوێنی لەشم لەدەمو چاو کۆبۆوە، دەمارەکانم گرژ بوون، گەر لەوئانو ساتە مردن بەپارەبوایە دەمکڕی..هەناسە لێبڕاو، جەستەم وەکو دارەمەیتی لێهات، بەکەساسی ڕێو ڕێ گەڕامەوە ماڵ.. هەستم کرد خەریکە دلّم دەگوشرێ.. بێ قەراریو ڕەش بوون لەجەستەم تا دەهات خەستر دەبۆوە، بەفرین زوو درکی کرد بەوەی من ئاسایی نیم، بەسۆزەوە لێم دەهاتە پێشو دەستی دێنا بەسەر سەرو ملو ڕوومەتەکانی ماچ دەکردم: (گیانەکەم نیگەرانم بەم شێوەیەت دەبینم بزەت لەسەر لێوان تۆراوە.. دلّەکەم هیچ بووە من نەیزانم؟!).ئەوقسانە نەجارێ دوانو دە، بگرە سەدبارە بۆوە .. وەلێ ئێستاش خۆم شێلو نەکرد: ( ناهیچ نیە، دووری ڕێگەی ئیبراهیم خەلیل شەکەتو ماندووی کردوم، دلّم توندە، حەز دەکەم تەنیابم).

تاوێ دوان هاتوچۆی ئەمسەرو ئەوسەری ژوورەکەم کرد، جار ناجارێ دیدەنیەکی تاقی کتێبەکانم دەداو پاش ئەو دیوو ئەم دیوپێکردنیان لەجێی خۆم دادەناوە.. هەورەکانی بەری ئاسمان ڕەویبوونەوە، لەقولاّیی تاریکیەکی نوتەك لە چاودا گوم ببووم. لەسەر پشت ڕاکشام، خۆم بۆ تەنیشتەکان دەگۆڕیو لەگەڵ خەمو مۆتەکە دەگەوزیم.. نەمدەزانی کەی ڕۆژم لێ هەڵدێ؟! کازیوەی دەم بەیانیدا، دەتوت تەلەفۆنم بۆ سەردار کردووە پەیابوو، پشوویەکی کورتی داونەدا، بەچرپەیەکەوە پێم وت: (کاکە سەردار دوای چاخواردنەوە تاگازینۆی مام خدر دەچین، هەندێ کاری

گرنگ هەنە حەزەکەم پێتی ڕابگەیەنم).

لەگازینۆی مام خدر سەرو سیتۆمان هەڵقۆڕاند، بەسەرهاتی دوێنێی خۆمم لەسیرێ تاپیوازێ بۆی گێڕاوە، دواشت وتم: (سبەی پێش ئەوەی بڕۆم، سەعات نۆ لێرە دەتبینمەوەو چاوەڕوانی دواقسەت دەکەم).

سەردار ترسێکی هومایی ئابلۆقەیدا: (ئەوە خەمی منە، خۆم یەکلایی دەکەمەوە).

ڕۆژی پاشتربەهەلەکەداوان هاتە لام کەئاهێکی پڕ بە سیەکانی هەڵمژی: (ئارام گیان وەنەبێ بلێم بەفرین خوشکمەو بۆی دەپاڕێمەوە.. دوێنێ بەحەسرەتەوە خۆم گەیاندێ، سەرەتا ویستم بەقسەی خۆش بەقسەی بێنم .. نکۆڵی کردو باسەکەی بەلایەکی دیکە دەبردەوە، بێ حەد دەهەری بووم، هەڵسام لەژوورم پەستاو بەسۆندە وەرگەڕامە سەری، سفتو شوێم شکاند تاوەکو دانی بەڕاستیەکان دانا، دەڵێ: (خەسووم ڕۆژ نەبوو پڕو بیانوو، تانو تەشەرەم تێنەگرێ دەیوت تۆ ئەوەندە ساڵە بووکی منی، بۆمناڵت نابێ؟! بۆ لێنا گەڕێی ئارامی کوڕم مناڵی لێت ببێ؟! بەمە تێی گەیشتبووم دەیویست کارێ بکات ئارام ژنم بەسەرا بێنێ، بۆیە لەخۆم کەوتبوومە گومانەوە تۆ بلێی ئەو عەیبو عارە لەمن نەبێ؟! بەدزیەوە سەردانی نەك پزیشکێ بگرە دوو سێ پزیشکی پسپۆڕم کرد، هەمووان یەك قسەیان دەکرد کەغەلو خەش لەچاوی ئەواندا هەبێ عەیب لەمن نیەو بواری مناڵ بوونم ئاساییەو گرفتەکە لە ئارامە) بەفرین بێ ئەندازە خۆشتی دەوێ، بڕوا ناکەم نەدایك نەخوشك نەئێمەی بەقەد تۆ خۆش بوێ.. لەپێناو دەست گرتن بەو پەیوەندەییە، دیارە تۆش پێت وتوە حەزەکەم مناڵمان بێ، کەچی بەفرین لەکارێکی بێ ئەقڵی نەفامانەدا ئەو کوڕەی دراوسێتان کەهەردوو چاوی کوێرەو پیرە دایکێکی پەککەوتەی هەیە، ڕۆژێکیان نانیان بۆ دەبا، بێ ئەوەی دەنگ هەڵبڕێ بڵێ ئەوە منم،

دۆخینی شەرواڵی کوڕە دەکاتەوەو خۆی داوێتە سەری: تکایە ئارام گیان ئەو خوشکەم ئەمەی لەنەزانیو دەست گرتن بەخۆشەویستی تۆوە کردووە، لێی ببوورە، دڵنیام بەدابڕانی تۆ ساتێ چیە ناتوانێ بژێت). دەنگم دایێ: (تۆ قەناعەتت وایە منالێشمان نەبوایە، تەنانەت ئەویش نەزۆك بوایە دەسبەرداریم یاژنی بەسەرا بێنم؟! جاتاوەکو ئابرومان نەتکێ، من لە لایەنی خۆمەوە قڕو کپی لێ دەکەمو دەرهەق بەو تەمەنە خۆشو پڕ شادو بێ گرفتەی شەش ساڵە لەگەڵێم بردۆتە سەر.. ناتوانم وا سووکو سانا لەیادیکەم، بۆیە ئەو خانوەی تێیدایە لەمنەوە پێشکەشیبێو کاتێکیش گەڕامەوە بەنامەی ئەوەی لەبەریتانیا ژنێکی تری بیانیم هێناوە تەڵاقنامەیەك بۆدایكو باوکم دەنێرم تا لەرێی ئەوانەوە بگاتە دەستی بەفرین، مەبەستم لەمە ئەوەیە ماڵێشمان لەو نهێنیە نەگەن).

سەردار بەم قسانە زۆر دڵخۆشبوو، ئەملاو ئەولای روومەتی ماچ کردم..

❊ ❊ ❊

فڕۆکەکە لەلەندەن نیشتەوە، من و ئەنوەر بەیەکەوە دابەزینو کەلو پەلەکانمان خستە سندوقی یەك لەو تەکسیانەی لەو شوێنە چاوەڕێی ئەوانەیان دەکرد کەلەفڕۆکەکە دەهاتنە خوارێ... بەدەم برینی رێوە دەم نادەمێ ترسێکی خەستم لێ دەنیشتو موچڕکەیەکی تیژ دایدەگرتم.. کەدەرگای شوقەکەمان کردەوە، سەرم بۆ ژێرەوە داگرت سەرمەستو خەیاڵاوی بوو بووم.. نامەیەکم بەرچاو کەوت، ئەوە ئەمکاتەیە هێشتا ئازادی کوڕم لەدەوامەو نەگەڕاوەتەوە ... داهاتمەوە، بەئەسپایی دەستم گەیاندە نامەکەو هەڵمگرتەوە.. نامەکەم هەڵپچڕی، بەدیقەتەوە کەوتمە خوێندنەوەی:

**بۆ کوڕی شیرینم ئارام**

**پـاش هــەواڵی ساغوســەلامەتیت.. بــەداخو پەژارەیــەکی زۆرەوە کاتژمێر دەی سەر لەبەیانی ئەمڕۆ بەفرین خۆی سوتاند، دیارە پێش خۆسـوتانەکەی نامەیـەکی نوسـیوەو ئێمـە لـەنهێنی نامەکـە ناگـەین، نووسیویەتی: (ئارام گیان مـن نـاتوانم لـەدووری تـۆ بـژیم.. ئـەو سـۆزو هەسـتو خۆشەویسـتیەی تـۆ کەتروسـکایی هـەموو ئومێـدێکی لـەم دونیایـە پـێ بەخشـیبووم. . بـێ بـەش بـوون لەوتروسـکاییە واتـا کوژانەوەی چرای مانەوەو دابڕان لەگشت کاروانێکی بەختەوەری .. تکا دەکـەم بەچاوی میهـرو بـەزەیی ئاگـات لـەهێمای کچـم بـێو لەبـەردەم یادگارە خۆشو شیرینەکاندا دوای دابڕانی یەکجاریو بڕیاری تۆ لەمـەڕ جیابوونـەوەمان، لێـرەوە مـن کۆتـایی بـەبوونی خـۆم دێـنمو تـۆش بـە خـوای گـەورە دەسـپێرم). لـەخوارەوەش نـاوو ئیمـزای خـۆی لەسـەر کردبوو.**

**کوڕم ئارامـە .. لـەکانگای دڵەوەبەشـداری ئـەو خەمـەین. . دەزانـین ئەمە گـەورەترین کۆسـتەو مرۆڤ لەئاقاریـدا ناتوانـێ بەرگـەی بگـرێ.. داواکارین لە یەزدان سـێبوریت پێبـداو لـەو دڵتەنگیـەت بـەدوور بێخـێ وەکو بەگەیشـتنی ئـەم فاکسـە هەواڵەکـەت پـێ دەگـا.. ئێمـە لەلایـەنی خۆمانەوە بەهاوبەشی خـزمو کـەسو کـاری بـەفرین پرسـەمان دانـاوە، ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی پرسەکەی بوو.**

**باوکی خۆت**

**عومەر**

سەرم خستە سەر شانی ئەنوەرو هەستم بە ناڕەحەتیەکی بێتام کـرد.. دامە پرمەی گریانێکی بەکوڵ، برۆم هەڵاوێشت، گنجی نێو چـەوانی پـانم بەدیارکەوتنو چاوەکانم چکۆڵە بوونەوە.

زۆر گریام ،کاتێ گریانم نیشتەوە هەرهەنسـکم هەڵـدەداو چـۆڕاوەگەی

فرمێسك بەکپی بەسەر گۆناما دادەڕژا، بەقوڕگی پڕ لەقۆڵپی گریانەوە (ئاااای چ تاوانێکی گەورەم ئەنجامدا.. خەتای من بوو، قەت نەدەبوو رەپو راست دووچاری ئەوکارەساتە گەورەم بکردایە.. ئاااای چیم بەسەر هێنا و چیم بەخۆم کرد ؟!).

پەنجەرەی ژوورەکە کرابۆوە.. دەنگی تەیرو توو زۆر لە دوور دەهات.. با وەکو هەزاران گورگی برسی دەیلوراند.

ئەنوەر بەدانیشتنەوە پێیەکانی درێژکردو منیش سەرم نایە سەر ڕانیو خەو بۆ خۆی بردمەوە، بەجۆرێ لەکاتی خەوتنیشدا هەنسکم دەدا.

ئەنوەر لەژێر لێوەوە دەیوت: ( پیاو نەگەبەتی رووی تێبکا، بۆ خۆشی نازانێ چۆن تووشی دێ.. ئەوە دونیایە ئارام بەچ ئەشقو سۆزێ باسی لەخێرا گەڕانەوەی خۆیی و هێنانی بەفرینو هێمای کچی بۆ ئێرە دەکرد.. ئەو بەفرینەی تاوێ چیە لەمێشکی دەرنەدەچوو.. بزانە بەتەمای چی بوو؟! تووشی چی هات؟!).

* * *

من لەو رۆژەوە دوا بڕیاری خۆمداوە، منێك هەررۆژێکی نوێم لێ هەڵبێو خەمەکانم زیاد بکەن تا دەبنە پەڵە هەورێکی رەشو چڵکنو سێبەرە نەگریسەکەی هەمووگیانم دادەگرێ..زۆرم هەوڵدا بەر بەکولەمەرگیەکانی رۆژگار بگرم تا ئەو دەمانەی ئێشو ژانو مەینەتی ژیان لەناخمدا شەپۆلی دەداو هەمیشە بۆ گریانو گرژبوونەوە راپێچی دەکردم، وەلێ ئەفسووس ناتوانم بەرگەی خیانەت بگرم، بڕیارێکەو لێی پەشمان نابمەوە، تا ئەو رۆژەی دەمرم جارێکی دی نەژن دێنمو بەیەکجاریش دەگەڕێمەوە باوەشی وڵاتی دایك تاوەکو ئەو تەمەنەی ماومە (ئازاد)و (هێمای) تیا وەك دوو دەسکە گوڵ پەروەردە بکەمو تا هەتایە دڵی خۆشم بمرێنم .

*** کۆتایی ***

## سوپاس و پێزانین

❊ برای بەڕێزم مامۆستا (ئاری ئاغۆك)و لەدڵاشیرین (وشیار نوری لەك) و (كاك ئاشتی شێركۆ)و ئامۆزام (منیره فەتحوڵڵا حەمەد)، شاعیری لاو (نەهرۆ عەلی حەمەد).

❊ كاك (هیواو بۆتان) لەنووسینگەی كۆمپیوتەری (هیوا).

❊ هەموو ئەوانەی لەژیاندا هاندەرم بوونەو خۆشم دەوێن.

